کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارەی ١٨٥

نیوەی ئەوەڵی ڕەشەمەی ١٣٨٢- مارسی ٢٠٠٤




## وتاری سروەی ناسری لە ڕێو ڕەسمی ڕۆژی جیهانی ژن

...ئەسیدیان بە دەم و چاوماندا کرد، لەسەر شەقامەکان شەللاقیان لی داین، زیندانیان کردین، ئەشکەنجەیان داین، لە بێدادگاکانیاندا بەپیی یاسای شەرعی و دژی ژن مەحکوومیان کردین، بەرەو بلیسەی ئاگر پالیان پیوە ناین و لە دەوری لەشی ئاگر گرتوومان پیمان پێکەنین. فروشتمانیان و کاسپیان پیوە کردین، خۆشەویستی‌یان ل‌وی حەرام کردین، جگەرگۆشەکانمانیان لە باوەش رفاندین. هەولیان دا هیز و تواناکانمان لە گۆشەی مال ببەستنەوە و بە کاری ناو مال بمان خەرەفینن. لە راستی‌دا چی‌یان لە حەقمان دا نەکرد وچی ناکەن؟ بەلام ئیستا ئەوان لە کوین و ئیمە لە کویین؟

# خۆپیشاندان، کۆبوونەوە و میتینگ، بەرز کردنەوەی درۆشمی شۆرشگیرانە، بەرەوروو بوونەوە و تیك هەلچوون لەگەل هیزەکانی رژیمی ئیسلامی، دیمەنەکانی بەرجەستەی پشتیوانی لە خەلکی کوردستانی عیراق

## خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستانی ئیران وپیویستی بەر دەوام بوونی پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستانی عیراق

### وتوویژیك لەگەل هاوریٚ ئیبراهیمی عەلیزادە

ئەوەی لیرەدا دەی‌خویننەوە، دەقی وتوویژیکە کە رادیوی کۆمەلە لە ریکەوتی ٢١ی رەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی (١١ی مارس ٢٠٠٤ی زائینی) لەگەل هاوریٚ ئیبراهیم عەلیزادەدا کردوویەتی.

*رادیو کۆمەلە:*

*هاوریٚ ئیبراهیم! لە چەند رۆژی رابردوودا شارەکانی کوردستانی ئیران زنجیرەیەك خۆپیشاندانی جەماوەری گەورەیان بەخووە بینی. ئیمە لە رادیوی کۆمەلەوە بە یارمەتی هاورییانمان لە شارەکانی کوردستان، هەولمان داوە هەوال و رووداوەکانی خۆپیشاندانەکان بە وردی بلاو کەینەوە و بە سەهمی خۆمان یارمەتی بدەین بە بەرین تر کردنەوە و هەمە لایەنەتر کردنی ئەم حەرەکەتە. ئیوە لە وتارەکەی رۆژی ٢٦ی ریبەندان رۆژی کۆمەلەدا لەسەر پیویستی پشتیوانی خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران لە خەبات و لە مافی خەلکی کوردستانی عیراق بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، تەئکیدتان کرد. پرسیارەکە ئەوەیە رووداوەکانی رۆژانی رابردوو لە شارەکانی کوردستان، تاچ رادەیەك، لەگەل ئەو سیاسەت و جیهەت گیریەی کۆمەلە ریك دەکەویٚ؟*

ئیبراهیم عەلیزادە: لەگەل سلاو و ریزم بۆ گویگرە خۆشەویستەکان

هەر وەکوو ئیوە ئاماژەتان پیٚکرد، نەك هەر لە وتارەکەی رۆژی کۆمەلە، لە زرگویز، بەلکوو بەشیك لە ووتاری هەموو هاورییانی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە، لە شوینە جۆراوجۆرەکانی دنیا بە بۆنەی رۆژی کۆمەلەوە و تەنانەت لە هیندیك شوین لە ناوەوەی کوردستانی ئیرانیش، بۆ روداوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عیراق و هەلویست وەرگرتن لەسەریان تەرخان کرابوو. جگە لەوەی کە ئەم رووداوانە خۆیان لە خۆیان دا گەلیك گرینگن و کار دەکەنە سەر ژیان و داهاتووی سیاسی ئەم ناوچەیە بە نیسبەت ستراتیژی سیاسی و تاکتیك و سیاسەتی ئیمەش هەر گرینگن. بانگەوازی ئیمە بۆ خەلکی کوردستانی ئیران ئەوە بوو کە:

پشتیوانی ئیوە لە خەباتی خەلکی کوردستانی عیراق، یەکەم، لە گۆرینی هاوسەنگی هیز بە قازانجی خەلکی حەقخواز لەو ناوچەیەدا، دەوری هەیە. لەم دەوریەدا کە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی لە عیراق یەك لایی نەبوەتەوە، ئەوە پشتیوانی‌یە بە خەلکی کوردستانی عیراق هیز و توانایەکی زۆرتر دەبەخشی وە دووهەم: بەردەوام بوونی ئەو پشتیوانی‌یە دەتوانی ئەو پیلانانەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە هاوئاهەنگ لەگەل دەولەتەکانی دیکە ئەو مەنتەقەیە لەدژی ماف دیاری کردنی چارەنووسی خەلکی کوردستانی عیراق، دادەریژرین پووچەل کاتەوە.

ئیستاش ئیمە هەولمان ئەوەیە کە ئەم پشتیوانی‌یە، حەرەکەتیکی قوول و بەردەوام بیت. بەو پیٚیە هیشتا گەلیك زووە بۆ جەژنی سەرکەوتن بەرپا کردن و پال دانەوە و حەسانەوە، پشتیوانی راستەقینە و تیکۆشەری جیددی و شیلگیری ریگای چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی ئەو رەوتەیە کە دژواریەکانی سەر ریٚی دەبینی و دەست نیشانیان دەکات، نەك ئەوانەی کە هەر لە یەکەم هەنگاودا بە دیتنی هەر تارمایی‌یەك، خەلك بیٚوەزیفە دەکەن و دەیان

*بروانە لاپەرەی ٢*




## مانگرتنی سەراسەری موعەلیمان دریژەی هەیە

### موعەلیمان و خویندکارانی کوردستان بەریزی ئەو خەباتە پەیوەست دەبن

نوینەرانی ناوەندە سینفی‌یەکانی فەرهەنگیانی سەراسەری ئیران، نارەزایەتی خۆیان لە پەیوەند لەگەل بارودۆخی ژیانی فەرهەنگیان لە راگەیاندنیك دا دەربری. لەم راگەیاندنەدا هاتووە کە: بە گشتی ئیرادەیەك بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی فەرهەنگیان و بەریوە بردنی عەدالەت نی‌یە. لەم راگەیاندنەدا باسی ئەوە کراوە کە، زۆربەی بەرپرسان دەلین:

ئیمە ئاگاداری ئەوە هەین کە هەلاواردن هەیە، ئیوەش راست دەکەن. بەلام ناتوانین حەقدەستیکی باش بە موعەلیم یان پەرەستارەکان بدەین و ئیمکاناتی ژیانیکی ئاسایی‌یان بۆ دابین بکەین. ئیران پارەی نیە. لە هەمان کاتیشدا حاشا لەوە ناکەین کە، کەسی واشمان هەیە حقوقی مانگیکی یەك ملیون تمەنە، بەلام چی بکەین!؟. لە دریژەی ئەم راگەیاندنەدا هاتووە کە: تەنیا ریگایەك کە بۆمان ماوەتەوە یەکگرتن و یەکگرتن و یەکگرتنە. نوینەرانی ناوەندە سینفی‌یەکانی فەرهەنگیان دەلین کە: هەلس و کەوتی ژمارەیەك لە بەرپرسانی مەجلیس و کۆمۆسیونی بودجە ناشیرینە و شیوەیەك لە سووکایەتی پیٚکردنە. هەروەها ولامیکی گونجاو بە داخوازیەکانی موعەلیمان نادەنەوە.

ئیمەش بە پیٚداگرتن لەسەر راگەیاندنی یەزد، لەسەر لە بەیانی رۆژی شەممە ریکەوتی ١٦ی رەشەمەی ١٣٨٢ بۆ ماوەی یەك حەفتە، لە تەواوی دەفتەری مەدرەسەکانی سەراسەری ئیران، چ کچانە و چ کورانە دەست دەدەینە تەحەسون و لە چوون بۆ سەر کەلاسەکانی دەرس خۆ دەپاریزین. لە دریژەی ئەم راگەیاندنەدا تیشکیان خستوتە سەر ئەوە کە: ئیمە خوازیاری نەمانی هەرچەشنە هەلاواردنیك لە پەیوەند لەگەل حقوق، هەروەك کارمەندانی‌تری دەولەتین. تا ئیمە بە شیوەیەکی جیددی پیٚ لەسەر خواستەکانی خۆمان دانەگرین، کەسیك لە بیری ئیمەدا نیە.

ئەنجومەنی ئاستانەی ئەشرەفییە- ناوەندی سینفی موعەلیمانی شیراز- ناوەندی سینفی یەزد- ناوەندی سینفی فەرهەنگیانی ئیسفەهان- ناوەندی سینفی موعەلیمانی کرماشان- ناوەندی سینفی فەرهەنگیانی ئوستانی مەرکەزی- ئەنجومەنی سینفی ئوستانی کوردستان- ناوەندی سەربەخۆی فەرهەنگیانی ئازەربایجانی شەرقی- ناوەندی سینفی فەرهەنگیانی رەشت- ناوەندی سینفی فلاورجان- ناوەندی سینفی فەرهەنگیانی خوزستان و شوشتەر- فەرهەنگیانی شەهەرەزا- ناوەندی سینفی موعەلیمانی ورمیٚ.

*بروانە لاپەرەی ٦*




## ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن لە کوردستان

### سنە:

رۆژی جومعە ١٥ی ئیسفەند داوینەکانی کیوی ئاویەر لە شاری سنە بە بۆنەی نزیك بوونەوەی رۆژی جیهانی ژنە، کەش و هەوایەکی نوییٚ بەخۆوە گرتبوو.

بەدەیان کۆروکۆمەلی ژنان وپیاوانی ئازادی خواز و بەرابەری تەلەب لە شوینە جوراوجورەکانی ئەو چیایەدا، لە دەوری یەك کۆببونەوە و هەرکامە بەشیوەیەك ریزیان لە رۆژی جیهانی ژن دەگرت و بیرەوەری تیکوشەرانی ریبازی ئازادی و بەرابەرییان زیندوو دەکردەوە.

بەرەوپیری رۆژی ٨ی مارسەوە چوون لە شاری سنە، سونەتیکی جیٚکەوتووە کە بە تایبەتی لایەنگران و تیکوشەرانی ریزەکانی کۆمەلە هەموو سالیك لە یەکەم رۆژی جومعەی نزیك لە ٨ی مارس، بەریوەی دەبەن. هەر بەم بونەوە لە گەلیك لە شەقام و گەرەکەکانی ئەو شارە، گەلیك دروشم و نوسراوەی کۆمەلە لەسەر بەند بەندی مافەکانی ژنان، بلاو بووەوە.

### سەقز:

دوانیوەرۆی رۆژی دووشەممە ٨ی مارس، زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە مەیدانی هەلۆی شاری سەقز کۆبوونەوە و ریزیان لە رۆژی جیهانی ژن گرت. ئەم کۆبوونەوەیە لە سەعات ٥ی دوانیوەرۆوە دەستی پیٚکرد و هەر دەم ریژەی بەشداربوان زیاتر دەبوو. لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە سەر رۆژی جیهانی ژن و رۆلی ژنان لە سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری کرا. هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم پیشتر حالەتی ئامادەباشیان بە خۆوە گرتبوو. هەروەها هیزەکانی تایبەت و ئیتلاعات لە مەیدانی هەلۆ و شەقامەکانی دەوروبەری کۆببونەوە و بەریان بە بەربلاوی ئەم کۆبوونەوەیە دەگرت. ریکخەرانی ئەم کۆبوونەوەیە بە بلاوکردنەوەی شیرینی و پیروزبایی کردنی رۆژی جیهانی ژن واتە رۆژی هاوپشتی ئینسانە بەرابەری خوازەکان، ریزیان لەم رۆژە گرت.

ئەو کەسانەی کە کۆببوونەوە لە دەستەو گروپی چەند کەسی‌دا، لە مەیدانی هەلۆ هەتا مەیدانی ئازادی لە هاتوچۆدا بوون. بە شیوەیەك کە هەموو کەس لە سیمای شادمانی ئەم کەسانە، هەستی بەوەها چەژنیکی مەزن دەکرد.

لە نزیکەی سەعاتی شەشەوە هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم هەردەم ژمارەیان دەچووە سەریٚ. ئەم هیزانە دەیانهەویست کە ئەم کۆبوونەوەکە بە مەبەستی ریزگرتن لە ٨ی مارس ریکخرابوو بشیوینن.

ئەم مەراسیمە دوای چەند سەعات لەنیو شادی و خۆشحالی خەلکی شاری سەقزدا کۆتایی پیٚهات.

*بروانە لاپەرەی ٣*

پاشماوەی

## خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستانی ئیران و..

نیرنەوە مالی خۆیان. هەل لەم رۆژانەدا دیتمان کە خەلکی شاری سلیمانی و گەلیك لە شوینەکانی کوردستانی عیراق بە دوربینییەکەوە کە ریشەی لە تەجروبەو رەنج و ئازار و خەباتی دەیان سالەیان دایە، خۆیان لە بەرپا کردنی جەژنی سەرکەوتن پاراست. ئەوان باش دەزانن کە پەسەند کردنی یاسای دەورەی ئینتقالی بەو هەموو کەلین و کەلەبەرەی کە تیی‌دایە، تەنیا سەرەتایەکە بۆ ململانی‌یەکانی سیاسی لە داهاتوودا، کە لەریێ دایە. سەرەنجام هاوسەنگی هیز و توانایی‌یەکانی واقعی و خەباتکارانەی خەلکی کوردستانە کە، بریاردەری نیهایی دەبی.

*رادیو کۆمەلە:*

*هاوریێ ئیبراهیم: باسی جیاوازیەکانی ئیمەت کرد، لە خۆپیشاندانی رۆژانی رابردووی شارەکانی کوردستانی ئیران دا، بۆچوون و هەلویستی ئیمە چۆن پیناسە دەکریێ؟*

ئیبراهیم عەلیزادە: واقعیەت ئەوەیە کە ئەگەرچی خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند رۆژە مۆری رەوت و جەریاناتی سیاسی جیاوازی پیوە دیار بوو، دیارە ئەوە گەلیك ئاسایی‌یە و هەمیشە چاوەروان کراوە، بەلام ئەو جۆرەی کە هیندیك لە راگەیەنە گشتی‌یەکانی مەنتەقە و چەند لایەنیکی ئۆپۆزیسیونی ئیران هەولیان دا نیشانی بدەن، ناوەرۆکی واقعی خۆپیشاندانی خەلك لە کوردستانی ئیران جەژن گرتن بە بۆنەی ئیمزای قانوونی دەورەی ئینتقالی نەبوو بەلکوو، لایەنی بەهیزتری بریتی بوو لە، دەربرینی پشتیوانی لە خەلکی کوردستانی عیراق لە خەباتیان دا بۆ ئازادی و بۆ گەیشتن بە ماف دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، جەژن گرتن و ئەرخەیان کردن و مۆری کۆتایی پیوە نان، دلسۆزانە و دوربینانە نی‌یە.

ئیمە دەمانهەویێ کە خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران، لە رۆژان و مانگەکانی داهاتوودا بە هەر شیوەیەك لە شیوەکان کە بۆیان دەکری بەردەوام بن لە نیشان دانی ئەو هاوپشتی‌یەدا. ئەوە لایەنیك لە جیاوازی ئیمەیە، لایەنیکی دیکەی ئەوەیە:

ئەگەر قەرار بی رۆژیك لە رۆژان، راپرسی لە خەلکی کوردستانی عیراق بکری و چارەنووسی سیاسی داهاتووی ئەو ناوچەیە، بە ئیرادەی ئازادی خەلك دیاری بکری، ریگاچارەی فیدرالی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، لە کوردستانی عیراق یەکیك لە ئینتخابەکانە، نەك هەموویان. ئیمە وەکوو هەمیشە ووتومانە، دلنیاین لەوەی کە ناوچەیەکی فیدرال لەژیر دەسەلاتی دەولەتیکی سەرکوتگەر و بەهیزدا، هەرگیز مەسەلەی نەتەوایەتی تییدا چارەسەر ناکری. ونیهایەتی کیشەکە یان جیابوونەوە و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆیە، یان خەباتی هاوبەشی هەموو خەلکی چەوساوە و ستەم لیکراوە بۆ گۆرینی ناوەرۆکی وەها دەولەتیك. هەر بۆیە جیاوازی دروشمی ئیمە لەم خۆپیشاندانانەدا ئەوەندەی کە پەیوەندی بە کوردستانی عیراقەوە بوو، خۆی لەوەدا دەبینیتەوە کە ئیمە داوامان لە خەلکی کوردستانی ئیران ئەوە بوە و ئەوەیەك کە پشتیوانی بکەن لە خەباتی خەلکی کوردستانی عیراق بۆ ریشەکیش کردنی ئەو ستەم و بیێمافیەی کە دەیان سالە لە پیناوی بنەبر کردنی‌دا خەبات دەکەن. ئیمە نەمان وتوە و نالیین کە بە بۆنەی ئیمزای یاسای دەورەی حکوومەتی ئینتقالی شیرینی بلاو کەنەوە و شایی لوغان بەرپا کەن.

*رادیو کۆمەلە:*

*دەزانین کە خۆپیشاندانی ئەو چەند رۆژە، لە چوارچیوەی پشتیوانی لە خەلکی کوردستانی عیراق تیپەر بووە وە بوو بە حەرەکەتیك لەدژی رژیمی ئیسلامی، ویست و داخوازی‌یەکانی خەلکی کورد لە کوردستانی ئیرانیش نیی‌دا بەرجەستە بووەوە. هەلسەنگاندنی ئیوە لەسەر ئەم لایەنەی خۆپیشاندانەکان چی‌یە؟*

ئیبراهیم عەلیزادە: خەلکیك کە ٢٥ سالە لەژیر دەسەلاتی حکوومەتی ئیسلامی‌دا سەرەتایی‌ترین ماف و ئازادی‌یەکانیان پیشیل کراوە، کاتیك کە لە تەنیایی خۆیان دینە دەری و لە دەوری یەك کۆدەبنەوە، هەست دەکەن کە بەهیزتر و بە تواناترن، جەسوورانەتر و لی‌براوانەتر هەلویست دەگرن و دەری‌دەبرن، هەموو ئاوات و ئارەزوەکانی خۆیان بەیان دەکەن. دەوری هیزی پیشرەویش ئەوەیە کە هاوسەنگی هیزی واقعی لیك بداتەوە و هیز و توانای جەماوەر لە پیناوی بەردەوام مانەوەی حەرەکەتەکەیان، زەخیرە کات، کە ئەوە خۆی جیگای باسیکی ترە.

پشتیوانی لە خەباتی خەلکی کوردستانی عیراق لە هەمان کات دا فورسەتیك بوو بۆ دەربرینی ئەو هاوارەی کە سالەهایە لە گەروی ئەو خەلکەدا پەنگی خواردوەتەوە.

هەروەك دەزانن خۆپیشاندانەکان لەلایەن جەماوەری خەلکەوە بە شیوەیەکی هیمنانە دەستی پیکرد، ئەگەر لە بریك شوین بەرەو تیك هەلچون لەگەل هیزەکانی رژیم و توندوتیژی پالی پیوە نرا، رژیمی ئیسلامی تاوانبارە. کە ناتوانی ووتە و دروشمی نەیارانی خۆی تەحەمول کات. هیزی چەکداری تایبەتی بۆ کۆ دەکاتەوە، چەکدارەکانی بە لیباسی شەخسی‌یەوە دەنیریتە نیو ریزی خۆپیشاندەرانەوە، لیرە و لەوی، لە هەرشوینیك کە ئاپۆرەی جەماوەری بە لاواز دیت، پەلامار دەباتە سەر خۆپیشاندەران و ناچاریان دەکات کە راستەوخۆ بەر هەلەستی بنەوە و وەلامی بدەنەوە.

ئیمە دەمانەوی خەلك ئازاد بن لەوەی کە لە ریگای خۆپیشاندان و بەرز کردنەوەی دروشم و پیکهینانی میتینگ و بەریوە بردنی ریێ و رەسمی تایبەت، ئیرادەی سیاسی خۆیان نیشان بدەن. ئیمە کەسمان هان نەداوە کە شووشە بشکینن و ماشین ئاور تی‌بەر دەن و کاری‌تری لەم چەشنە بکەن. ئەوە کۆماری ئیسلامی‌یە کە هیرش دەباتە سەر جەماوەر، و قازانجی خۆی لە شیواندنی ریزی خەباتی هیمنانەی جەماوەردا دەبینیت هەر بۆیە ئیمە داوامان ئەوەیە کە لاوانی تیکۆشەر ژیرانە وریای ئەو تاکتیکەی رژیم بن و ریگا نەدەن بەهۆی رەفتاری درندانەی رژیمەوە، ئیحساسات بە سەریاندا زال بیێ.

بەلام کۆماری ئیسلامی دەبی ئەوەی لی حالی بووبیێ کە لەم دەورەیەدا، توندوتیژی نواندنی ئەو، کاریگەری خۆی لەدەست داوە و بەم کردەوانە، لەم دەورەیەدا، پیشی خرۆشانی لافاوی جەماوەری پیێ ناگیری.

*رادیو کۆمەلە:*

*لە کۆتایی‌دا ئەگەر خۆتان لاتان وایە مەسەلەیەك هەیە کە پیویست بیێ و باسی نەکراوە، فەرمون.*

ئیبراهیم عەلیزادە: لەم فورسەتە کەلك وەردەگرم سەرەتا دەست خۆشانەیەك لە هەموو ئەو تیکۆشەرانە دەکەم کە هەر لەم رۆژانەدا، بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن، دەنگی کپ کراوی ژنی ستەم لیکراوی ئەو ولاتەیان بەرز کردەوە. بەریوە چوونی ریك و پیك و ئازایانەی ریی و رەسمەکانی ٨ی مارس کەش و هەوایەکی رادیکال و هیوابەخشی لە هەموو شارەکانی کوردستان پیك هیناوە. بە تایبەتی لاوان و ژنان و پیاوانی لیهاتوو و کارزان و شۆرشگیر لەشاری سنەی سەربەرز بە بەرپا کردنی جەژن و میتینگی ئاشکرای خۆیان، نیشانیان دا کە خەباتی سیاسی و جەماوەری لە کوردستانی ئیران پیی ناوەتە قوناغیکی نویێ و ریبەران و هەلسوورینەرانی جیگای متمانەی خەلکی لە جەرگەی خۆی‌دا پەروەردە کردوە. ئیمە نەك هەر پیرۆزبایی ٨ی مارس، رۆژی جیهانی ژن، بەلکو پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەشیان لی دەکەین.

لە رۆژانی رابردوودا، رژیم ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی لە پەیوەند لەگەل خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی لە خەلکی کوردستانی عیراق و لە پەیوەند لەگەل بەریوە چوونی ریی و رەسمەکانی ٨ی مارسی، گرتوە. ئیمە داوامان ئەوەیە کە خەلك لەهەر مەجالیك دا کە دەخولقی داخوازی ئازادی فەوری هەموو ئەو گیراوانە بەرز کەنەوە.

ئەوانە کۆمەلیك ئینسانی شەریف و تیکۆشەرن کە بە تاوانی پیشکەوتن خوازی، بە تاوانی حەقخوازی و هاوپشتی ئینسانی، گیراون و نابیێ سەعاتیکیش زیاتر لە زیندان دا بمیننەوە.

# مانگرتنی سەراسەری موعەلیمان پەرە دەستینیێ

بەپیی هەوالەکان بەرپرسانی ئاموزش و پەروەرشی ئوستانەکان، لەگەل مودیرانی مەدرەسەکان وتوویژیان کردووە و بەلینیان داوە کە داخوازی‌یەکانیان جی‌بەجیێ بکەن. بەلام موعەلیمان گوییان نەداوەتە ئەم بەلینانە و رایانگەیاندوە کە تا گەیشتن بە داخوزی‌یەکانیان دریژە بە مانگرتن و تەحوسەنی خۆیان دەدەن.

لە تاران رۆژی سیێشەممە موعەلیمانی ژمارەیەکی زۆر لە مەدرەسەکانی ناوەندی و دواناوەندی نەچوونە سەر کەلاسەکانی دەرس. لە شەقامی رودەکی تاران ژمارەیەك لە خویندکارانی بۆ پشتیوانی کردنی لە موعەلیمان، ریپیوانیکیان وەریێخست. لە مەنتەقەکانی ٨و١٠ و١٤ی تاران خویندکاران دەستیان دایە تەعتیل کردنی کەلاسەکان و تەنانەت دەرگای مەدرەسەکانیان داخست. هەروەها بەپییێ سەرچاوەکانی هەوال موعەلیمانی شاری"ساری" یش بە مانگرتنی سەراسەری موعەلیمانەوە پەیوەست بوون.

لە شاری ئەردەبیل ژمارەیەکی زۆر لە خویندگاکان لەوانە: هونەرستانی چەمران، هونەرستانی فەرۆخی، دەبیرستانی کەیخۆسرەوی بەریزی مانگرتووەکان پەیوەست بوون.

پیویستە بوتریێ کە موعەلیمانی زۆرتر لە ٨٠ دەرسەدی دەبیرستانەکان و خویندنگاکانی ناوەندی لە چوون بو سەر کەلاسەکانی دەرس خۆیان پاراستووە و خویندکارانیش بە کۆبوونەوەی ئیعتزازی مەعەلیمان لە بەر دەرکی ئاموزش و پەروەرشی ئەم شارە پەیوەست بوون. لە سنە تەحەسونی موعەلیمان هیشتا دریژەی هەیە و بریار بووە کە لە رۆژی ٤ شەممەوە، خویندگاکانی ئەم شارە بە گشتی، لەسەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیەوە دەست بدەنە مانگرتن. موعەلیمانی شاری مەریوان و دیواندەرەش بەم تەحەسونە سەراسەری‌یە پەیوەست بوون. لە کەرەج مانگرتنی موعەلیمان لە رۆژی ١٦ی رەشەمەوە دەستی پیکردووە هیشتا دریژەی هەیە.

ئەم حەرەکەتە ئیعتزازی‌یە لە کەرج رۆژی سیێشەممە گەیشتە لووتکەی خۆی و سەراسەری شاری کەرەجی گرتەبەر: زۆربەی خویندکاران بۆهاوپشتی موعەلیمان نەچوونە سەر کەلاسەکان. بنەمالەی خویندکارانیش پشتیوانی خویان لە موعەلیمان دەربریبوو خوازیاری پیراگەیشتن بە بارودۆخی ژیانی موعەلیمان بوون.

خویندکارانی ژمارەیەك لە خویندگاکانی کچانەی کەرەج رۆژی سیێشەممە، بو پشتیوانی کردن لە موعەلیمانی مانگرتوو کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی‌یان وەریێ خست. ئەم خویندکارانە دروشمیان دەدا کە، موعەلیمی ئازادیخواز، پشتیوانیت لی دەکەین. وا دیارە کە تەواوی موعەلیمان بە گشتی دەیانهەویێ کە مانگرتنەکەیان هەتا کاتی پشوودانی نەورۆز دریژە پیێبدەن. رۆژنامەکانی حکوومەتی دانیان بە هییندیك لەم نارەزایەتی‌یانە داناوە کە موعەلیمان و خویندکاران دەریان بریوە. رۆژنامەی" جمهوری ئیسلامی" کە سەر بە وەلی فەقیهە، نیگەرانی خۆی بەرانبەر بەم مانگرتنە دەربریوە و نووسیویەتی کە: "موعەلیمان لە رۆژی شەممەوە نەچوونەتە سەر کەلاسەکانی دەرس. ئەگەریش بچنە مەدەرسە لە دەرس وتنەوە خۆ دەپاریزن".

لە گوشەیەکی‌تردا رۆژنامەی ئیتعماد دەنوسیێ: "دەوتریێ کە خویندکارانی هونەرستانی کورانەی رەسالەت لە پشتیوانی لە موعەلیمان لەنیو مەدرەسەدا دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەلبریوە. خویندکارانی، سەر پولی ئیمام زادە مەعسومە"ش بەریان بە هاتوچۆی ماشینەکان لە سەر جادە گرتبوو.

# مانگرتنی بەربلاوی موعەلیمانی تاران

**لە تەواوی مەنتەقەکانی ئاموزش وپەروەرشی تاران موعەلیمەکان بە شیوەیەکی بەربلاو و بە تیکرایی دەستیان داوەتە مانگرتن و نەچونە سەر کەلاسەکانی دەرس وتەنیا موعەلیمە بەکریگیراوەکانی رژیم چونەتە سەر کلاس و دەرسیان وت:**

**شایانی باسە ئەم مانگرتنە قەرارە بۆ ماوەی یەك حەوتو دریژەی هەبی و لەوە بەم لاوە بۆ گەیشتن بە خواستە رەوا و بەرحەقەکانی خۆیان سەر بۆ رژیم و بەکریگیراوان دانەنەوینن. هەروەها شارەداری تاران لەترسی ئەوەی کە نەکا مانگرتنەکە پەرەبستینی بریاری دا ٣٥ هەزار تمەن بە موعەلیمانی تاران بدەن.**

**هەروەها رەهبەریش بریاری دا کە بەهەر کام لە موعەلیمانی تاران ٢٥ هەزارتمەن بدەن. بەلام موعەلیمان لە دریژەی مانگرتنەکەیان دا رایانگەیاند، تا وەدی هاتنی هەموو خواستەکانیان هەروا دریژە بە مانگرتنەکەی خویان دەدەن.**

# خرۆشی خەلکی کوردستانی ئیران بۆ پشتیوانی لە هاوچارەنووسانیان لە کوردستانی عیراق

## بانە:

زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە خەلکی شاری بانە لە مەیدانی ئیمامی ئەو شارە، لە دەوری یەك کۆبوونەوە و لەدژی رژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتیوانی لە خەلکی کوردستانی عیراق دروشمی شورشگیرانەیان بەرز کردەوە. لە سەعاتی ٥ تا ٦ی دوانیوەرو هیچ هەوالیك لە هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم نەبوو، لەسەعات ٦ بەولاوە هیزە بەکریگیراوەکانی رژیم لەسەر چواررا و شەقامەکان دامەزران و هیرشیان کردە سەر خەلك و ژمارەیەکی زۆریان لی دەستگیر کردن.

بەپیی دوایین هەوال لەشاری بانەوە تا ئیستا نزیکەی٥٠٠ کەس لەلایەن هیزەکانی رژیمەوە دەستگیر کراون. هیزەکانی رژیم تا ئیستاش بەتوندی شاریان لەژیر چاوەدیری‌گرتووە. جەماوەری خەلك بەهەر شتیك کە لەبەر دەستیان بووە لەخۆیان دیفاعیان کردووە و شوشەی چەند بانکیکیشیان شکاندوە. خەلك لەدژی رژیم و بۆ پشتیوانی لە ماف و داخوازی لە خەلك کوردستانی عیراق دروشمیان دەدا. ئەم خۆپیشاندانەی خەلك تا سەعاتی ٧ی ئیوارە دریژەی کیشا.

## بۆکان:

سەر لە بەیانی رۆژی دوشەممە ریکەوتی ١٩ی رەشەمە سەرەتا چەند بانگەوازیك لەئاستی شاردا بلاو بوەوە کە

داوای لە خەلك دەکرد سەعات ٤ی دوانیوەرۆ برژینە سەر شەقامەکان و بۆ پشتیوانی لە خەلکی کوردستانی عیراق خوپیشاندان وەریێ بخەن. لە وەلامی ئەم بانگەوازەدا دوکان و

←

بازار و هەموو ناوەندەکانی کار و دەرس خویندن داخران و نزیکەی ٥ هەزار کەس لە خەلکی شار کۆبوونەوە و لە هەموو لایەکەوە بەرەو فەرمانداری ئەو شارە وەرێ کەوتن.

لەناو ئەم دروشمانە کە لەم خوپیشاندانەدا بەرز بووەوە، دروشمی سەرکەوتوو بێ خەباتی خەلکی کوردستانی عیراق بۆ ئازادی و رزگاری و بژی کۆمەلە گەلیك بەرچاو بوون. بەرزبوونەوەی ئالای سور لەم خوپیشاندانەدا نیشانەی وەفاداری خەڵکی تیکوشەری شاری بۆکان بۆ ریبازی کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بوو.

رژیم هیزی دژی شورشی خۆی لە شارەکانی ورمی و میاندواو و سایین قەلا بەرەو بۆکان خستبوە رێ. لە هەموو شوینە حەساسەکانی شار چەکدارەکانی رژیم بۆ ترساندنی خەڵك دامەزرا بوون. هەروەها چەندین تاقمی گەروکیشیان بۆ شناسایی خەڵك دەسورانەوە کە لەچەند شوین کەوتنە بەر هیرشی لاوانی شورشگیر و ناچار کران شوینەکە بەجێ بهێڵن. ئاپوری جەماوەر بە رادەیەك بوو کە هیزەکانی رژیم نەیاندەویرا لێیان نزیك ببنەوە. هەر کاتیش هەولیان دەدا نزیك ببنەوە بەردەبارانی خەلك ناچار بە پاشەکشەی دەکردن.

بەپێی دوایین هەوالەکان لەشاری بۆکان خۆپیشاندان لە شوینە جۆراوجۆرەکان بەردەوام بووە و دەخالەتی هیزەکانی رژیم خوپیشاندانی هیمنانەی خەڵکی بەرەو توندوتیژی پال پێوە ناوە. لە تیك هەلچوونی نیوان خوپیشاندەران و هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم دا چەندین دەزگا ماشینی دەولەتی ئاگر دراون.

خوپیشاندان زۆربەی شەقامەکانی شاری گرتوتەوە و لە هێندیك شوین ژمارەیەك لە خەڵك دەستگیر کراون کە تاکاتی گەیشتنی ئەم هەوالە چارەنووسیان نادیار بووە.

## سنە:

رژیم لە ترسی ئەوەی کە نەوەك خەلکی تیکوشەر و شورشگیری شاری سنەش دەست بدەنە خوپیشاندان و بخرۆشن، رۆژی سێشەممە و چوارشەممە ژمارەیەکی زۆر لە هیزە ئینتزامی و سەرکوتگەرەکانی خۆی لە مەیدانی ئازادی، مەیدانی ئینقلاب، شەقامی فردەوسی و شەقامی شەشومی بەهمەن دامەزراندبوو. بەشیوەیەك کە لە هەر ٢ میتر، ٢ یا ٣ کەس لە مەئمورانی رژیم راوەستابوون، ژمارەیکیش لەناو شاردا، گەشتیان لی دەدا و خەلکی ئازادیخوازی ئەو شارەیان خستبوە ژیر چاوەدیرییەوە.

## بۆکان:

دوابەدوای خوپیشاندانی رۆژی سێشەممەی شاری بوکان، دوکان و مەدرەسە و شوینە گشتیەکان داخران و حکومەت نیزامی راگەیندراوە. هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بۆ دەستگیری خەڵك بەسیج بوون و لە شاردا دێن و دەچن و هەول دەدەن خوپیشاندانەکان سەرکوت بکەن.

تیك هەلچونی هیزەکانی رژیم و خەلك لە شەقامە ئەسلییەکانەوە گوزراوەتەوە بۆ تەواوی گەرەك و شەقامەکانی شار. ئەو هیزە زەربەتانەی کە لە شارەکانی ورمی و میاندوواو و سایین قەلاوە هاتبوون، بەشیوەیەکی چەکدار لە سەتحی شار ماونەتەوە. بەهۆی تیرئەندازی هیزە ئینتزامییەکانەوە، ژمارەیەك لە خەلك بریندار بوون. تا کاتی گەیشتنی ئەم هەوالە ژمارەی برینداربوان و دەستگیراوەکانی ئەم رووداوانە نادیارن.

## مهاباد

دوانیوەرۆی ١٨ی رەشەمە، شاری مهاباد شاهیدی خوپیشاندانیکی بەربلاو بوو کە بۆ ماوەی چەند سەعات دریژەی کێشا. خۆپیشاندانی شاری مهاباد کە تێیدا هەزاران کەس بەشدار بوون. لە پشتیوانی لە خەلکی کوردستانی عیراق و خواستەکانیان دەستی پێکرد. هیزەکانی رژیم بە هەرەشە و گورەشە و پیشاندانی هیزەکانیان، هەولیان دا کە شار کۆنترول کەن. بەمجۆرە ئیعترازاتی خەلك دریژەی کێشا. لەم خوپیشاندانەدا دەیان دروشمی شورشگیرانە بەدژی رژیمی ئیسلامی و دەست وپیوەندەکانیان بەرز بووە.

– بەپێی دوایین هەوال بەکریگیراوانی رژیم کەوتونە خۆ بۆ ئەوەی کە تۆلە لە خەڵکی خەباتکاری ئەم شارە بستێننەوە، هەر بەم بونەوە ژمارەیەك لە لاوانیان دەستگیر کردوە.

بەکریگیراوانی رژیم پەلاماریان بردوەتە سەر دەبیرستانی "ابن سینا"ی مهاباد و دەستیان کرد بە لیدان و ئازاردانی خویندکارانی ئەو دەبیرستانە. ئەم بەکریگیراوانە دەیانهەویست لەم ریگایەوە تۆڵە لە خویندکارانی ئەم ناوەندە کە بە گەرمی و گوری بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی ئەم شارەدا کردبوو، بستیننەوە.

## سەردەشت:

بەپێی ئەو هەوالانە، کە لە شاری "سەردەشت"وە هاتوون ئەم شارەش خوپیشاندانیکی بەربلاوی هەر بەمجۆرە وەرێ کەوتبوو. خەڵکی سەردەشت بەدژی رژیمی ئیسلامی و بۆ پشتیوانی لە ئازادی و ماف دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانی عیراق دروشمی شورشگیرانەیان بەرز کردەوە.

بەپێی دوایین هەوالەکان چەندین تیك هەلچوون لە نێوان خەلك و هیزە بەکریگیراوەکانی رژیمدا رووی داوە.

## مەریوان:

لە مەریوان بەدژی رژیم بۆ پشتیوانی کردن لە خواستەکانی خەڵکی کوردستانی عیراق خۆپیشاندانیکی بەربڵاو و بەرین وەرێ کەوت.

دوانیوەرۆی ١٨ی رەشەمە لەشاری مەریواندا خۆپیشاندانیکی کەم وینە وەرێ کەوتبوو کە تێیدا هەزاران کەس لە خەلکی ئەم شارە بەشداربوون. ئەم خوپیشاندانە بۆ پشتیوانی داخوازییەکانی خەلکی کوردستانی عیراق لە سەروبەندی پەسەندکردنی یاسای بنەرەتی دەورەی حکومەتی ئینتقالی لە عیراق کەوتبوە رێ.

ئەم حەرەکەتەی خەلك وردە وردە بوو بە خوپیشاندانیکی بەرین بەدژی رژیمی ئیسلامی. شیاوی باسە کە لە سەعات ٤ی دوانیوەرۆوە هەتا سەعاتی ١٠ی شەو تەواوی شار لەژیر کونترۆلی خەڵکی خەباتگیری مەریوان دا بوو. لەو خوپیشاندانەدا دەیان ئالای سوور هەلکرا و دروشمی رادیکال و شورشگیرانە لەئاستی شاردا دەنگی دەدایەوە. خەڵکی شورشگیر پەیکەرەی "حوسەینی فەهمیدە"یان لە مەیدانی شەبرەنگ، هینایە خوارێ. پیویستە بوترێ کە بەرینی ئەم خوپیشاندانە گەیشتبوە ئاستیك کە مەئموران و بەکریگیراوانی رژیم نەیاندەویرا لە ناوەندەکانی خۆیان بێنە دەرێ.

## پیرانشار:

شاری پیرانشاریش لە روژەکانی ٢٠ و ٢١ی رەشەمەدا وەکوو زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئیران بوو بە ناوەندی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و میتینگ بۆ پشتیوانی لە خەلکی ستەم لیکراوی کوردستانی عیراق.

خەلکی تیکۆشەری ئەم شارە کە لە یەك سالی رابردودا چەندین جار لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان دا لەگەل هیزەکانی سەرکوتگەری رژیم بەرەوروو بوونەتەوە، ئەمجارەش چاوەروانی دووپات بوونەوەی رووداوی لەو چەشنەیان دەکرد. هیزەکانی رژیم کە نەیانتوانی خۆپیشاندان و راگەیاندنی پشتیوانی پیرانشهر لە خەلکی کوردستانی عیراق ببینن، پەلاماریان بردە سەر جەماوەری خەلك و شاری پیرانشار بوو بە مەیدانی نەبەردیکی تەواو کەمال لەلایەن هیزی سەرتاپا چەکداری رژیم و جەماوەریك کە هیچ چەکیك جگە لە بەرد، لەبەر دەستیاندا نەبوو. شەر و تیك هەلچوونی لەم چەشنە بۆ ماوەی چەند سەعات دریژەی هەبوو و لە ئاکام دا ژمارەیەك لە خەلك و ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی رژیم بریندار بوون و دەیان کەسیش دەستگیر کراون کە زۆربەیان تا ئیستا ئازاد نەبوون.

## کەش و هەوای شاری سنە دوای خۆپیشاندانی شارەکان

مامورانی رژیم لە ترسی ئیعتراز و خوپیشاندانی جەماوەر حالەتی ئامادە باشیان بە خووە گرتووە. لە روژی یەکشەممەوە مامورانی رژیم بو بەرگری کردن لە مەراسمی ٨ی مارس شەقامەکانی شاریان تەنیبوو. ئیستاش مامورانی رژیم لەوە دەترسن کە خوپیشاندانەکانی شارەکانی مەریوان و بوکان و مەهاباد و پیرانشار و سەردەشت و بانە کە بو پشتیوانی کردن لە خواستەکانی خەلکی کوردستانی عیراق بەریوە چوو لە سنەش دووپات بیتەوە. هەر بویە بەکری گیراوانی رژیم لە مەسیرەکانی کیوی ئاویەر حکومەت نیزامییان راگەیاندووە و هەر کوبوونەوەیەکی لاوان کە زیاتر لە ٢ کەس بیت بەلاوە پی دەکەن.

تا کاتی گەیشتنی ئەم هەوالە حکومەت نیزامی لە گەرەکی حاجی ئاوایٚ سەریٚ و مەیدانی گاز و ئینتهای بلواری خەسراوا و ئەمیریە و جادەی کەمەربەندی ئاویەر دریژەی هەیە و مامورانی رژیم بە موتور سیکلت و لیباس شەخسییەوە لە ناو شاردا دین و دەچن.

بە پی وتەی یەکیك لە مامورانی نیروی ئینتزامی، هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم ٢٤ ساعەتە ئامادە باشن و مەرخەسیش بە هیچ یەك لە هیزەکانی نیروی ئینتزامی نادریت. پیویست بە ئاماژەیە کە ئیعتراز و مانگرتنی موعەلیمانیش ئەوندەیتر ترسی خستووەتە دلی بەکریگیراوانی رژیمەوە.

## خوپیشاندان لە شاری شنو

روژی سیشەممە ریکەوتی ١٩ی رەشەممە لە شاری شنو خوپیشاندانیك بو پشتیوانی لە ماف و داخوازییەکانی خەلکی کوردستانی عیراق پیك هات. لاوانی شورشگیر لە شەقامی ٤٠ میتری گەرەکی سەید ئاوا دەستیان دایە ریپیوان و بە دروشمی، مەرگ بو خاتەمی، مەرگ بو کوماری ئیسلامی و بژی ئازادی بەرەو ئیدارەکانی ئاموزش و پەروەرش، ئیدارەی سەبتی ئەحوال، ئیدارەی بهزیستی و بەسیج هەلکەوتوو لە گەرکی سەید ئاوا وەری کەوتن.

هیزەکانی رژیم نەیان دەویرا لە خەلکی تووره و نارازی نزیك ببنەوە و هەر لە دوورەوە سەیری خەلکیان دەکرد. شایانی باسە، یەکیك لە بەکریگیراوان کە دەیهەویست فیلمبەرداری بکات کەوتە بەر پەلاماری خەلکی تووره و دووربینەکەیان شکاند. رژیم بە زووترین کات لە ئەو شارە حکومەت نیزامی راگەیاند بەتایبەت لە شەقامەکانی وەك، چوار رای کارگەر ئەو حکومەت نیزامییە هەتا درەنگانیك دریژەی هەبوو.

## شنو : بگیر و ببەند دەست پی دەکات

روژیك دوای خوپیشاندانەکەی خەلکی شاری شنو، دەست و پەیوەندەکانی رژیم، ئیتلاعات و هیزەکانی ئینتزامی رژانە کوچە و خیابان و نیو مالان و دەستیان کرد بە گرتنی خەلك کە تاکو ناردنی ئەم هەوالە نزیکەی ٤٠ کەس گیراون و هەر ئەو روژە بردویانن بو دادگا و هەر کامەیان بە ٦ مانگ زیندان و لە ١٠٠ وە هەتا ٥٠٠ هەزار تمەن جەریمەیان کردون. گرتن و پشکنین هەر وا دریژەی هەیە. ژومارەیەکیش بو خو دەرباز کردن لە دەست رژیم پەرەوازی شارەکانی تر بوون.

پیویستە بگوتری کە لە ریپیوانی روژی ١٩ی رەشەممەدا تابلویەکی گەورەی مەیدانی خومەینی هەلکەندرا و تیك شکا.

## نەغەدە : خوپیشاندانی موعەلیمان، پشتیوانی خویندکاران

روژی ٢٠ی رەشەممە موعەلیمانی چەند مەدرەسەی ئەو شارە، مەدرەسەکانی ئازادگان، ئیمام خومەینی و چەند مەدرەسەیتر بەریزی مانگرتوانی سەراسەری لە ئیران پەیوەست بوون. موعەلیمان و خویندکاران لەو روژەدا رژانە سەر شەقامەکان و شیعاری دژی رژیم وهاوپشتی لە گەل هەمموو موعەلیمانی سەراسەری ئیران بەرز کردبووەوە.

خوپیشان دەران بەرەو خیابانی موعەلیم و خیابانی ئیسماعیل ئاباد رویشتن. لەو شوینەدا، هیزەکانی ئینتزامی و پاسدار و لیباس شەخسی پەلاماریان بردە سەر خوپیشاندەران و بەلاوەیان پی کردن.

ئیوارەی ئەو روژە کومەلیکی زور لە لاوانی شاری نەغەدە بو دەربرینی نارەزایەتی بەرانبەر بە هیرش و پەلاماری رژیم بو سەر خوپیشاندەران لە پارکی موعەلیمی شاری نەغەدە کوبوونەوە. هیزەکانی بەکریگیراوی رژیم هیرشیان بردە سەر خو پیشاندەران و دوای ئەزیەت و ئازاری زور نزیکەی ٥٠ کەسیان لی دەستگیر کردن کە تا ئیستا لە چارەنووسیان خەبەریك نییە.

---

## پاشماوەی

## رێ و رەسمەکانی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن

## بۆکان:

لەدریژەی هەلسووران و چالاکی هاورێیانی کۆمەلە و تیکوشەرانی ژن و پیاو لەشاری بۆکان بۆ پیشوازی لە رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن، شەوی ١٨ی رەشەمە رێورەسمیکی گەرم و گور هەر بەم بۆنەوە لەو شارە بەریوە چوو.

ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بە دور لە چاوی هیزەکانی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە دەوری یەك کۆبوونەوە و رێورەسمی خۆیان بەریوە برد. سەرەتای ئەم مەراسیمە بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ یادی گیانبەخت کردوانی ریبازی ئازادی و بەختەوەری ئینسان دەستی پیکرد. دواتر یەکیك لە بەشداربوان وتاریکی بەم بونەوە پیشکەش بە بەشداربوان کرد. لە وتاریکی دیکەدا کە پیشکەش بە مەراسیمەکە کرا ماف و داخوازییەکانی ژنانی کوردستان خرایە روو و ریگاکانی چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە وەکوو کیشەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی شی کرایەوە. بەشداربوانی ئەم مەراسیمە بە شایی و هەلپەرکی بەشداریان لەم شادمانییە جیهانیەدا کرد کە بەبۆنەی ئەم رۆژەوە لە سەرتاسەری جیهان بەریوە دەچێ.

## زرگویز:

رۆژی دووشەممە،٨ی مارس رێ و رەسمیکی شکودار و گەرم و گور بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی شاری سلیمانی و شارۆچکە و ئاواییەکانی دەوروبەر لە مەقەری ناوەندی لە زرگویز بەرێوەچوو.

ئەو رێ و رەسمە کە بە سرودی ئەنترناسیونال و بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ یادی گیانبەخت کردوانی ریگای ئازادی و یەکسانی و سوسیالیزم دەستی پێکرد. بە چەندین سرود و گورانی و شیعر کە لەلایەن هونەرمەندانی کۆمەلە و میوان پیشکەش کرا، رازابوەوە.

لەو رێورەسمەدا هاورێ سروەی ناسری ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە وتاریکی پیشکەش کرد، کە دەقی ئەم وتارە هەر لەم ژمارەی پیشرەودا دەخوێننەوە.

لەلایەن ریکخراوەکانی ژنان، ریکخراوە سیاسییەکان و کور و کۆمەلەکانی کوردستانی عیراقەوە کۆمەلیك پەیامی پیروزبایی گەیشتبوە دەستی، دەستەی بەریوەبەری مەراسیمەکە کە ناوەکانیان بەمجۆرە بوو:

-حیزبی شیوعی کوردستان – کۆمیتەی پاریزگاری سلیمانی

-بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کریکاری کۆمۆنیستی– عیراق

-مەکتەبی پەیوەندییەکانی حیزبی رزگاری کوردستان

-نوینەرایەتی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

-یەکیتی ئافرەتانی کوردستانی – لقی عیراق

-یەکیتی لاوانی دیموکرات لە کوردستانی عیراق

-کوری تیکوشان لەپیناو چاکسازی حیزبی شیوعی کوردستان

-کۆمەلیك هەلسووراوی کریکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان

-سەنتەری چالاکی کەنجان

-بنگەی تەندروستی زرگویز

-بەریوەبەری قۆتابخانەی زرگویز

*بروانە لاپەرەی ٦*

# سوخەنرانی هاوڕێ سروەی ناسری ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە ڕێوڕەسمی ٨ مارس دا

## میوانە بەڕێزەکان، خۆشەویستان!

بەخێر بین بۆ مەراسیمی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن. ئەم رۆژەتان لی پیرۆز بیت. بەشداری گەرم و گوری ئیوە بەم بۆنەوە، مایەی سەربەرزیمانە و نموونەیەکە لە هاوپشتیەکی خەباتکارانەی هیوابەخش.

سلاو لەو تیکۆشەرانەی کە، هەر ئیستا لەژیر دەسەلاتی رەشی حکوومەتی ئیسلامی، لە سەدان کۆر و کۆمەل و کۆبوونەوەدا لە ناوەوەی کوردستان و هەموو ئیران، بە کویرایی چاوی کۆنەپەرەستانی دەسەلاتدار، ریٚ و رەسمی خۆیان بەریوە دەبەن.

یادی هەموو ئەو ئازیزانەش بەخیر کە، بێباک لە مردن لە زیندان و سیاچالەکان، لە ریزەکانی هیٚزی پیشمەرگە، لە زیندانی داب و نەریتە دواکەتووەکانی ناو بنەماڵە و کۆمەلگادا، بویر و سەربەرز، زنجیرەکانی کویلەتی‌یان چراند، و درۆشانەوە و ریگای ئیمەیان روون تر کرد.

هەروەها سلاو لە هەموو ئەو پیاوانەی کە بە گیان و بەدل، هاوپشت و هاوپەیمانی ئیمەن بۆ، سرنیەوەی ئاسەواری ئەو بێعەدالەتی و نابەرابەریە، کە بە سەرشانی هەموو ئینسانەکاندا قورسایی دەکات.

ئازیزان! خەباتی ئیمە بۆ رزگاری و یەکسانی لە سەدان بەرەی جۆراوجۆردا بە پانتایی هەموو جیهان لە ئارا دایە. پیشرەوی‌یەکانمان دل خۆشکەر و هیوابەخشن. نیزامی پیاوەمەزن بە یاسا و داب و نەریتەکانی‌وە، بە دەسەلاتی لە دەولەتدا، بە ئائین و مەزهبییەوە، لە بەرانبەر دەنگی بەرز و دلیری بەرابەری خوازانەی ملیونها ئینسانی ژن، کیشراوەتە گۆرەپانی خەباتیکی چارەنووس ساز. ملیونها ئینسان کە نایانهەوی لەوە زیاتر بێمافی و سووکایەتی و ئازار تەحەمول بکەن، دەنگی دلیری بەرابەری خوازانەی خۆیان پر بە دنیا بەرز کردوەتەوە. سەرکەوتنی ئیمە لەم نەبەردەدا مسۆگەرە! وە ئەوە جیگای هیچ گۆنیك نیە! تەنها قسە لەوەیە کە، رۆژانی ئەم سەرکەوتنە نزیکتر کەینەوە و لەم خەباتەدا تووشی زەرەریکی کەمتر بین. بە شانازییەوە دەلیم کە، بانگەوازی ئەم رزگاری خوازی‌یە بە گویی هەموو کەس گەیشتووە.

حکوومەتی ئیسلامی لە ئیران، بە هەموو کەللە ویشکی و خۆراگرییەك کە لە بەرانبەر رزگاری خوازی ئیمەی ژناندا کردویەتی، ئەمرۆ لە بەرانبەر خەباتی ئیمەدا بناغەکانی بیروباوەر و سیاسەت و حکوومەتی کەوتوەتە لەرزین. ئەمانە چی لە توانایان دا بوو لەدژی ئیمە بەکاریان هینا: ئەسیدیان بە دەم و چاوماندا کرد، لەسەر شەقامەکان شەللاقیان لی دان، زیندانیان کردین، ئەشکەنجەیان دان، لە بێدادگاکانیاندا بەپیی یاسای شەرعی و دژی ژن مەحکوومیان کردین، بەرەو بلیسەی ئاگر پالیان پیوە نان و لە دەوری لەشی ئاگر گرتوومان پیمان پێکەنین. فروشتمانیان و کاسپی‌یان پیوە کردین، خۆشەویستی‌یان لی حەرام کردین، جگەرگۆشەکانمانیان لە باوەش رفاندین. هەولیان دا هیز و تواناکانمان لە گۆشەی مال ببەستنەوە و بە کار ناو مال بمان خەرەفینن. لە راستی‌دا چی‌یان لە حەقمان نەکرد وچی ناکەن؟ بەلام ئیستا ئەوان لە کوین و ئیمە لە کویین؟

ئیمە! ئیتر ئەو ژنە چەوساوەی سالان نین. ئیمە مافی خۆمان ناسیوە ئیمە دەنگمان هەلبریوە، ئیمە ویژدانی ئینسانی ئەم سەردەمان هەژاندوە، ئیمە سەنگەر بە سەنگەر پیشرەوی دەکەین. ئیمە بووینە بنچینەی شورشیکی کۆمەلایەتی لە ئیرانی داهاتوو. ئەوان لە کوین!

ئەوان: ریسوای هەموو عالەمن!

خۆیان دانیان بەوە داناوە کە لە سەدا، نەوەدی لاوان کە، ئەوان دەیانوت گوایا،لە بیشکەوە بۆ شورشی ئیسلامی پەروەردەیان دەکەن، ئەمرۆ سەر بە هیچ فەرزیکی خۆدا دانانن! لە مزگەوت، رەوزەخانی، مەجلیس و کۆر و کۆمەلی مەلا هەلدین و بیزارن. ئاخوند لە ئیران دا بووەتە مایەی گالتەجار.

پییان وتین: ئیوە زەعیفە و کەم عەقلن. با هەر بە تەنیا یەك نموونەتان بۆ بینمەوە. با وەکوو لە چوون بۆ خویندگاکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی‌دا گەلیك کۆسپ و تەگەرە کە لەسەر ریگای دەرس خویندنی کچان هەیە و تەنانەت بە ژمارە لە پیاوان کەمتر بووین. بەلام، کاتیك هەلی بەرابەرمان بۆ تاقی کردنەوەکانی کۆنکوری زانستگاکان بۆ رەخسا، زیاتر لە سەدا شەستی هەموو زانستگاکانی ئیران لە ژنان پیك هات. تا جیگایەك کە رژیم کەوتە خۆ. بۆ ئەوەی لیرەدا گوایا عەدالەت بەریوە بچی، سەهمیەی ژنانیان بەپیی یاسا هینایە سەر ٥٠ دەسەد. با لەوەش بگەرین کە لە مەیدانی رەنج و کاردا هەم کریکارین و پالەو رەنجبەری و ئازار چیشتووین و هەم ریکخەر و بەریوەبەری ئەرکی ناومالین. هەر بۆیە ئیمە بە کردەوە، بوین بە یەکیك لە کۆلەکەکانی شورشیکی ئال و گۆر پیکهینەر و هەروەها روخینەری نیزامی ئیسلامی ئیران کە لە رێ دایە. شورشیك کە لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا خشت و خالی کۆنەپەرەستی رادەمالیت و ژنانی ئیران دەگەیەنیتە ئاستی ولاتانی پیشکەوتووی جیهان.

بەریزان! وتم کە دەبی پیشرەویەکانمان سەنگەر بە سەنگەر بەدەست بینین وسەقام گیری بکەین. نیزامی پیاوەمەزن بە ئامۆژگاری و قسەی خۆش پاشەکشە ناکات. هیز لە هیز حیساب ئەبات، وە ئەوە گۆرەپانی خەباتیکی راستەقینەیە و هیزی ئیمەیش لە جەماوەری بوون و لە ریکخراو بوونمان دایە. دەبی هەم لە ریکخراوی جەماوەری خۆمان کۆببینەوە و هەم هەلسووراویکی جیددی لە گۆرەپانی خەباتی سیاسی‌دا بین.

خۆراگرییەك کە لیرە، (لە کوردستنی عیراق) ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بەدژی یاسای کۆنە پەرەستانەی رەقەم ١٣٧ کردیان، تەجرەبەیەکی گرینگە کە دەبی دەرسی لی وەربگیریت. ئەگەرچی ئەوە تەنیا سەرەتای کارە! گەلیك دەستدریژی‌تر بۆ ماف و ئازادییەکانی ئینسانی ئیمە، لیرە لەرێ دایە. بەلام دلنیاین لەوەی کە ئەگەر ئەو دەنگە لە کوردستان بەرز نەبوایەتەوە، دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە لە ئامریکاییەکانەوە بگرە هەتا ئەوانی‌تر پەسەندیان دەکرد و بەسەرماندا دایان ئەسەپاند. هەر وەکوو ئیستا دەبینین کە لە یاسای دەورەیی ئینتقالی لە عیراق دا، خەریکن ریگا خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی بە دەیان جۆر یاسای لەم چەشنەمان بەسەردا داسەپینن.

ئازیزان! چارەنووسی رەشی ژنانی ئیران لە ٢٥ سالی رابردوودا ئەوە دەسەلمینی کە، ئەگەر لەم قۆناغەدا و هەر ئیستا کە هەموو شتیکی ئەو ولاتە سەر لەنوێ، خەریکە دائەریژریت، مۆری خۆمان لە رەوتی ئال و گۆرەکان نەدەین، سبەینی ئیتر درەنگە.

بەلام هاوچارەنووسان! ئەم خەباتەمان تەنیا بە ژنانی پیشرەو و رۆشنبیر چارەسەر ناکریت. ئیمە لەم کیشە دژوار و پر لە هەلس و کەوتەدا، دەبی هیزمان هەبیت. هیزیکی کۆمەلایەتی بەرین. هەر بۆیە دەبێ سەر بکیشیننە هەر کوچە و کۆلانیك، هەر گەرەك و کارگایەك و هەر کوێ ژنیکی چارەرەشی تییدا یەخسیر کراوە. ریگام بدەن کە بلیم: بە داخەوە خالی لاوازی خەباتی ژنان لە کوردستانی عیراق ئەوەیە کە، هیشتا لەو ئاستەی کە پیویستمانە جەماوەری نەبوەتەوە. دەبی ریگاکانی چارەسەر کردنی ئەم کەم و کۆری‌یە بدۆزینەوە و نەیانهیلین. بۆ ئەم کارە، کاتیکی زۆرمان بە دەستەوە نیە. هەر بۆیە پیویستە پەلەی لی بکەین.

وتم کە ئەمە خەباتیکی، هەم کۆمەلایەتی و هەم سیاسی‌یە. ژنان دەبی لیرە پێ بنینە مەیدانی سیاسەت و حکوومەت کردن. بەلام، ئیمە نامانهەویت پوستی سیاسی، وەکوو خەلات وەربگرین. ئیمە دەبی هەمووی ئەمانە، بە هیزی یەکگرتووی خۆمان بەدەست بینین. تەنیا لەو حالەتە دایە کە ئەتوانین بلیین کە: دەستمان لە دەسەلاتی ئەو ولاتەدا گیر بووە! بە کورتی دەمەویت ئەوە بلیم کە ئیمە پیویستی‌مان بەوەیە کە:

یەکەم: یاسای بنەرەتی ئەو ولاتە لەسەر بناغەی جیایی دین لە دەولەت دابمەزریت و هەموو یاسا کۆنەکانی دژ بە ژن هەلوەشینەوە.

دووهەم: ئیمە پیویستی‌مان بەوەیە ریگامان هەبیت لە کار و بەرهەم هینان و ئابووری ئەم ولاتەدا، بەرابەر لەگەل پیاوان مەجالی چالاکی و هەلسوورانمان هەبیت. سیهەم: بنەمالەی سوننەتی لەسەر ئیسك و پروسکی ئیمە بینا کراوە. ئیمە پیویستی‌مان بەوەیە کە، بنەمالەی ئینسانی لەسەر بناغەی خۆشەویستی و ریزگرتنی دوولایەنە و مافی یەکسان بینا کەینەوە.

با دەست لەناو دەستی یەکتر هاودل و هاوگیان بەرەو ئەو ئاسۆە روونە هەنگاو بنین. رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن بکەین بە دەرفەتیك بۆ نواندنی وەرەی خۆمان لە پیناوی ئەو خەباتە عادلانە و پر لە شانازی‌یە.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن

---

# توندوتیژی دژ بە ژنانی کوردستان

**لیکۆلینەوەیەك لەسەر ١٥٣ ژنی قوربانی توندوتیژی بەریوە چووە، یان تویژینەوەیەکی‌تر بەناو (چاو خشاندنیك بەسەر دژواریە دەرونی و جەستەیەکانی ژنە لیدراوەکان کە خۆیان بە دوکتوری یاسایی ناساندوە) لەسەر ١٠٠ ژن بەریوە چووە.**

لە ئاکامدا روون بوەتەوە کە ٩٩٪ لەم ژنانە تووشی گرفتی جەستەیی، ٤٣٪ تووشی خەموکی لە رادەبەدەر و ٦٥٪ تووشی متمانە نەکردن بەخۆ بوون. لە تویژینەوەیەکی‌تر سەبارەت بە توندوتیژی خومالی لەسەر ئەو ژنانەی کە چوونەتە ناوەندەکانی راویژکاری بنەمالە، ٨٥٪ی ژنان لەو بروایەدا بوون کە خراپترین و سامناکترین بەشی کارەساتی لیدانی ژن، تەنیا توندوتیژی جەستەیی نەبووە، بەلکو ئەو توندوتیژیە دەروونی و حالەتی ترس و سام و هەستی خۆبە کەم زانینەیە کە لەکاتی لیدانیان تەجروبەیان کردووە.

ئەو تویژینەوەی کە لەبەر دەستمان دایە، لەسەر ژنانی میردکردووی قوربانی توندوتیژی لە پاریزگای کوردستان و لە شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان و قوروە بەریوە چووە. کۆمەلی هەلبژاردەی ئاماری، لەناو ژنانی میردکردوو پەسەند کراوە. ژنەکان بە شیوەی (گلولە برفی) هەلبژاردراون و هەر یەکە ژنانیکی‌تریان بە تویژەرەکان ناساندوە. بۆ ئەم کارە پرسیارنامەیەکمان ساز کردووە کە بریتی‌یە لە ٨٣ پرسیاری متمانە پیکراو. پرسیارنامەکان بەدەستی خانم گەلی کارناسی دەرونناسی لە پیشگای ژنانی قوربانی توندوتیژی پەریوەتەوە. هەروەها پرسیارنامەکە پەنامەکی و بە تەواوەتی تاکەکەسیانە پر بووەتەوە. هەلبەت بۆ بەریوەچوونی ئەم کارە کۆسپی زۆرمان لەسەر ریگا بووە کە لە ناویان دا دەتوانین ئاماژە بە لەبەر دەست نەبوون و شاراوە بوونی زۆربەی ئەم ژنانە بکەین.

دەرئەنجامەکانی تویژینەوە:

١) هۆیەکانی توندوتیژی پیاوان، بەرای ژنانی نەخوینەوار بریتی‌یە لە دەست تیوەردانی خزم و کەسی پیاوەکە و گرفتی ئابوری. بەلام ژنانی خوینەواری دیپلۆم یان سەرتر شتك گەلیك وەکوو هەستی زۆرخوازی، دردۆنگ بوون و دلپیسی و گرفتی کەسایەتی لەسەر ئەم کارە کاریگەر دەزانن.

٢) ژنانی بنەوان، بنەمای توندوتیژی میردەکانیان لە گرفتی ئابووری و دەست تیوەردانی خزم و کەسەکان دەبینن، بەلام ژنانیك کە لە دەرەوەی مال کار دەکەن زۆرتر ئاماژە بە تایبەتمەندی تاکەکەسی و ئەخلاقی میردەکانیان دەکەن.

٣) لەناو ژنانی بنەوانی نەخوینەوار، هۆی نەدرکاندنی توندوتیژی میردەکانیان، مەترسی لە دەس چوونی سەرپەنا، نائاگایی لە مافەکانیان و ئازار و عەزیەتی هەمووی بنەمالەکە و ناهومیدی لە دوارۆژە. بەلام ژنانی خوینەواری دیپلوم یان سەرتر، لە دەس چوونی ئابرو و ناحەزی شتەکە بەهۆی نەدرکاندنی هۆی توندوتیژیە کە دەزانن. هەلبەت سەربەخۆیی ئابووری ئەو ژنانەی لە دەرەوەی مال کار دەکەن زۆرجار بووەتە درکاندنی کارەساتەکە.

٤) زۆربەی ژنانی نەخوینەوار و بنەوان لەکاتی کارەساتەکە لە ئامرازی تۆران و چوونەدەرەوە لەمال کەلك وەردەگرن، بەلام ژنانی خوینەوار زۆرتر بە راویژکاری لەگەل بنەمالەی خۆیان و هاوسەرەکەیان مەسەلەکە دەبرننەوە.

دەسکەوتەکانی تویژینەوە:

١)٦و٣٦٪ لەم ژنانە لە ریگای خوازبینی ئاساییەوە میردیان کردووە. ٣و٤٣٪ لەم ژنانە وتویانە بە زۆر بە میرد دراون. تەنیا ٣٠٪ بە پیخۆشی خۆیان میردیان کردووە

٢) رادەی خۆشەویستی میرد (دوای توندوتیژی):

٥٥٪ وتویانە کە ئیتر میردەکانیان خۆش ناویت.٤٥٪ دوای توندوتیژیەکەش هەر میردەکانیان خۆش دەویت.

٣) بارودۆخی میردەکان:

٥و٢١٪ لەم میردانە توشیاری کەرەسەی ژاکاوی بوون.٢و٢٧٪ پیشینەی جەزایی‌یان هەیە. ٤٨٪ لەم پیاوانە لەناو بنەمالەی خۆیاندا توندوتیژی باوك یان کەسانیکی‌تریان دیوە.

٤)٥٨٪ پییان خۆشە لە میردەکانیان جیا ببنەوە، بەلام بەهۆی دژایەتی دایك و باوکیان و ناحەزی تەلاق لەناو فەرهەنگ و کولتوری ناوچەکە، ناهومیدی لە دوارۆژ و مەترسی ئاوارە بوونی خۆیان و منالەکانیان ناتوانن تەلاق وەرگرن.

٤١٪ لە ژنەکان هیچ خوازەیەکیان بۆ جیابوونەوە نیە. بریك لەوان تەنانەت توندوتیژی میردەکانیان پاساو دەکەن و خۆیان شایانی ئەو توندوتیژیە دەزانن! بریکی کەمیشیان وتویانە: ( میردی خۆمانە، ئەگەر غەوارە بوایە شکایەتمان دەکرد) یان (تا دەنگی ئیمە دەرنەیەت و بەهانە نەگرین ئەوان لیمان نادەن) یان (لیدان تام و چیژی ژیانە، ژیان نابیت یەکجۆر بیت)

گرفتەکانی توندوتیژی لەسەر ژنان:

١) ٩و٩٠٪ لە ژنان لە باری دەرونیەوە تووشی خەسار و گرفت بوون و جۆری خەسارەکە لە دلەخورپێ و وەسواس بوون و خەمۆکی لە رادەبەدەرەوە دەس پێ‌دەکا و زۆرجاریش دەگاتە رادەی خۆکوشتن.

٢) ٥و٧١٪ لە ژنان تووشی گرفتی جەستەیی بوون کە بریتیە لە: شکان و سوتانی ئەندامەکانیان، لە بار خستنی بە ئەنقەستی منال، چەقۆ لیدان و سەرئیشەی میگرینی.

فەرهەنگ و کولتوری زال بەسەر کۆمەلگای ژنان دا ریگا لە هەرجۆرە باس کردن و درکاندنی توندوتیژی میردەکانیان دەگرێ، تا رادەیەك کە زۆرجار ژنان نەترسانە دەلین: (٣٠- ٢٠ سالە لیمان دەدریت- چەندین جار دەست و لاقمان شکاوە- بەلام حازر نەبووین بە کەس بلیین یان شکایەت لە میردەکانمان بکەین) وە یان (فلان خانم ٣٠ سالە لیی دەدریت، بەلام زۆر بەتاقەتە میردەکەشی زۆر خۆش دەویت) وە یان (ژن دەبی زۆر بەتاقەت بیت، پیاوەکان دەرد و مەینەتەکانیان بە توندوتیژی لەگەل ژنان کەم دەکەنەوە.)

سەرچاوە: فصل زنان، جلد ٢
وریا قادریان- سنە

پیشرەو

# کاتیك کە ژنان، ژنان سەرکوت دەکەن

ئەوەی لیرەدا دەیخوینینەوە دەقی کورت کراوەی وتاریکە کە لە لایەن" بیریوان" لە یەکیك لە کۆبونەوەکانی ژنانی کورد دا وتراوە و لە گوڤاری ٨ی مارس دا لە چاپ کراوە.

"ژن رەفیقی شەتیانە" ئەمە دیریکە کە لە کاتیکەوە کە فامم کردوتەوە بەدەیان جار بیستوومە. لە زمان دایە گەورە و دایك و ژنانی ئاوایی، لە چوار چیوەی کولتوری سوننەتی بنەمالەکان دا بگرە هەتا پەیوەندییە کۆمەلایەتیە باوەکان و هەتا سەدان حەدیس و ئایەتی قورئانی.

بە بێشك هەرکام لە بەشدار بوانی ئەم کۆبونەوش هەرکامەیان بە شیوەی جواروجور ئەو قسەیەیان بیستوە. بە هیوا بووم ئەمرو نوسراوەیەکی" بەکوی تەمندی" بدۆزمەوە و لەم بارەیەوە بیرو رایان بگورینەوە، بەڵام بەداخەوە نوسراوەکەم وەدەست نەکەوت هەر بۆیە لەم بارەیەوە هەلدەگەریمەوە سەر بیرەوەریەکانی خوم، هیوادارم کە جیێ رەزامەندیتان بیت.

" کاك محەممەدی" دراوسیمان دو ژن و هەشت مندالی هەبوو. وەبیرم دێ ئەو کاتانەی کە ژنەکانی کاك محەممەد پیکەوە بەشەر دەهاتن، لەمالێ دەهاتنە دەرێ و بۆ سوك کردنی یەکتر ناشیرین ترین وشەکانیان بەکار دەهینا.

جنیوەکانیان ئەوەندە ناشیرین بوون کە زۆرجار من لەرووم هەلنەدەهات گۆییان لیبگرم. زۆرجار هەویێ گەورە دەستپیکەری شەرەکە بوو. بەهات و هاوارەوە دەردەپەرێ دەرەوەو دەیکوت: ئەی هاوار موسولمانان، وەرن من لە دەست ئەو بێ دایك وباوکە نەجات بدەن، ئەو بێناموسی بێشەرفە کە نەیتوانیو کچینیەکەی بپاریزی. ئەو پەتیارەیە کە بەزۆر خۆی بەسەر میردەکەم دا سەپاندووە. ئەگەر کەس رازی نەبوو بتخوازێ بۆ راست خۆت لە باوەشی میردەکەی من خزاندووە.

ژنە چکۆلەکەی کاك محەممەدیش سەد رەنگی دەهینا و دەبرد، لیوی سپی هەلدەگراو تف لەزاریدا ویشك دەبوو. لە نیگاکانی رق وقین دەباری و بە شوین وشەگەلیك دا دەرگەرا کە لەگەل جنیوەکانی هەویکەیدا هاوسەنگ بیت. بە دەنگیکی زیقنەوە دەیکوت"من جیت لیبکەم کە میردەکەت تۆ بە سیپالیش دانانێ؟ هەر بەم هۆیە بوو کە ژنی بە سەر هینای! خانم گیان خۆ تۆ دەسرە سری هەموو پیاوانی ئاوایی بووی..."

خەلك لە دەوروبەریان کۆ دەبوونەوە. خەلکە کە جار وبارە بزەیەکیان دەهات. جارو باریش دەیانووت:" ئەوانە چەندە بێحەیان. دوای ئەوەی هەویێ چکولە جنیوەکانی ئەدا، هەویی گەورەتر ئاوری دەگرت و هیرشی دەکردە سەر و پرچی دەکیشا. هەویی چکولەش هەروەتر. خەلکیش دەهاتن بۆ نیو بژی کردن و لیکیان دەکردنەوە. دوای ئەوە مالی کاك محەممەد پەپوی لیدە خویند، هەرکام لە ژنەکان بە دوسێ مندالەوە دەچونە گوشەیەك لە مالەکە. ئەم مندالانە بە چاویان دا دیار بوو کە هەرکامەیان تاچ رادەیەك قینیان لە زر دایکیانە و دەتکوت ئەگەر ریێ بۆ کاتیکی پیویست هەتا تولەی دایکیان بکەنەوە.

کە ئیوارە دا دەهات کاك محەممەد دەگەراوە بۆ مال، ژنی گەورە دەرکەی لیدە کردەوە، ژنی چکۆلە کەوشی بۆ جووت دەکرد. یەکیان دوای دم و چاو شوردن خاولی بۆ دیناو ئەوی تریان چایی بۆ تیدە کرد. باشترین بەشەچیشت بۆ کاك محەممەد تیدەکرا. ئەگەر کاك محەممەد شتیکی بە دل نەبوایە هەلدەستاو تیر تیر ژنەکانی دەکوتا. من لەو کاتانەدا وەبیر قسەکانی دایە گەورەم دەکەوتمەوە کە دەیکوت:"پیاوی دووژنە دلی کون کونە" بەلام لیرەدات تەواو بە پیچەوانە بوو، پیاووی دوو ژنە شای مالی خوی بوو. پیاوی دوو ژنە پیویست ناکات بۆ راگرتنی دلی ژنەکانی خویێ ماندوو بکات، چونکە ژنەکان بەرادەی پیویست یەکتری سەرکوت دەکەن. لە ولاتانی جیهانی سیهەمی، ئیستاش وەکوو سەدەکانی ناوەراست لەگەل ژنان مامەلە دەکریت. ژنان لەم کۆمەلگایانەدا لە مندالییەوە فیری ئەوە دەبن کە بە زمانی تانەو تەشەر قسەبکەن. فیری ئەوە دەبن کە چۆن لە هاوجنسی خۆیان رق هەلگرن و بۆ راکیشانی سەرنجی پیاوان بەرەو لای خویان چۆن خۆیان شیرین کەن خراپ تر لە هەمووی ئەوانە ئەوەیەکە ئەم ژنانە کەمتر بیرلەوە دەکەنەوە کە ئەم مەسایەلە سەرچاوە گرتوو لە داب و نەریتی کۆمەلگای پیاو سالارە. ئەوەی کە ژنان دەبنە کەرەسەیەك بۆ کارو کاسبی یەکیك لە ئاکامەکانی کۆمەلگای بەناو مۆدیرنە. ئەم بازارەش بە کەلك وەرگرتن لە هەست و عەواتفی ژنان گەرم تر دەبیت.

کاتیك کە کچم لە مالی باوکیەتی فیرێ ئەوە دەبێ کە چۆن براژنەکەی ئازاربدات. کاتیك کە ئەم کچە بوو بە بووکی مالیکیتر لەوێدا فیر دەبێ کە چۆن خوشکی میردەکەی عەزیەت بکات. بە شیوەیەك کە کەم کەم تەواوی تاروپۆی ئەم ئاکارانە فیردەبیت، دواتر خوشکی میرد و بووکی مالێ دەبیتە خەسوو. لەم پلەیەدا ئیتر ژنەکە تا ئەو جییەی بتوانی ئازاری بووکەکەی دەدات. بەلێ ئەمە ئەو ئاکارانەیە کە ژنیك لە کۆمەلگایەکی دواکەوتوو و پیاو سالاردا فیریان دەبیت و لە سەراسەری عومەریدا ئەوپەری هەولی خویێ ئەدات بۆ سەرکوتکردنی هاوجنسەکانی خۆی واتە ژنانی دەوروبەری ژنان. لەنیو یەك دا بێحورمەتی و سوکایەتیەك بە یەکتر دەکەن کە رەنگە هیچ کات پیاوان ئەم سوکایەتییان پێنەکردبن. چونکە ژنان لە کلاسی ژنانەدا دەرسیان خۆیندووە، خالە لاوازەکانی یەکتر بە باشی دەناسن هەر لەو کلاسانەش دا فیر بوون کە چۆن یەکتر بشکیننەوە.

زورکات ئەوەمان بینیوە کە ژنان لایەنگری لە پیاوان دەکەن و بەخاتری پیاوەکە ژنانیتر ئازار دەدەن. ریشەی ئەم کردەوانە هەمووی لە کۆمەلگایەکی پیاو مەزنەوە دیت.

لە کۆمەلگای سەرمایەداریش دا ئەم مەسەلەیە بە شیوەیەکیتر خۆی دەنوینی. یەکیك لە تایبەتمەندییەکانی بازاری سەرمایەداری ئەوەیە کە بەکەلك وەرگرتن لە هەست و عەواقفی ژنان بازار گەرمی بکەن. کێبەرکیی ژنان بو گەیشتن بە جوانییەکی زۆرتر، هۆیەکی باشە بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە. هەر رۆژە لە بازاری سەرمایەداری جوانی بە شیوەیەك دەناسینرێ و ژنانیش ئەو پەری هەولیان ئەدەن بۆ ئەوەی کە خۆیان بەم شیوەیە دەربینن، بۆ ئەوەی کە بە قیمەتیکی باشتر بکردرین. رۆژیك ژنی جوان چاو کالەیەکی موفەرە. روژیك سەوزەیەکی چوارشانەیە. رۆژیك مۆدی رەش پیست ولیوپانە و روژیکیتر مۆدی ئەوەیە کە کۆلمی ژن بە قوول دا چوبیت. رۆژیکیتر ئەوە پول دەکات کە مەمکی گەورە و کەمەری باریکی هەبیت.

هەر روژە جوریك لە جوانی دەبیتە مۆد و روژنامەکان و تلویزیونیش بە تەواوی توانایان تەبلیغی بۆ ئەکەن بە شیوەیەك کە تەنانەت ئەم مۆدانە وەك بووکە شوشەی منالانە دروست ئەکەن و هەر لە سەرەتاوە منالان بەم شیوەیە بار دینن کە کۆمەلگای سەرمایەداری پیویستی پیێ هەیە.

ژنان لە وەها کۆمەلگایەك دا بۆ ئەوەی کە بتوانن کار بکەن و دلی میردەکانیان رابگرن و بۆ گەیشتن بە خوشیەکانی دنیای سەرمایە دەبێ لەگەل یەکتر، هەمیشە لە رەقابەت دابن، بۆ گەیشتن بە جوانی دەبی هەموو جورە ئارایشیك و هەموو جۆرە مودیك تاقی کەنەوە. تەنانەت بە دەیان جور نەشتەرگەری وەك گەورە و چکولە کردنی مەمك وباسن، باریك و قەلەو کردنی لیو و چەندین نەشتەرگەری کە من ناوەکانیان نازانم ئەنجام ئەدەن. وە بەم شیوەیەش رۆژانە بە میلیاردها دولار ئەرژیتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە. بازاری سیکس یەکیکی ترە لەم بازارانەی کە دنیای سەرمایە ئەو پەری هەولی خویێ ئەدات بۆ گەرم وگور راگرتنی.

ئەمن پیم خوش کە بۆ خۆمان دانیشین و بزانین کە مانای ژن بوون ئایا ئەوەیە کە ئەمرۆکە باوە. دەبی ئیمە بیر بکەینەوە و بزانین کە لەم دنیایە دا چ جیگاو شوێنەکمان هەیە و بۆ رزگاری لەدەست ئەو هەمۆ بێ ماف و سوکایەتی پیکردنە دەبێ چی بکەین، ئیمەدەبێ بپرسین کە جیگاو شوینمان لەم دنیایەدا کویێیە؟ وە چ ئەرکیکمان لە کۆمەلگاو بنەمالەدا هەیە؟

# بریار نامەی کۆبوونەوەی رۆژی ٨ی مارس لە سنە

## لە رێ و رەسمی شکۆداری شاری سنە دا

## بریارنامە:

٨ی مارس رۆژی جیهانی بە میلیون ئینسانی ئازادیخواز وبەرابەری تەلەبە. بزووتنەوەی ژنان لەم رۆژە دا دەنگی نارەزایی خۆی لە بەرانبەر ستەم و توندوتیژی و بێ ماف و هەلاواردن و نابەرابەریەکانی دژ بە ژنان هەلدەبرن و داد نامەی ئینسانی خۆیان لە دژی نیزامی سەرمایەداری وەك سەرچاوەی تەواوی ئازارەکانی ئەمروی دنیای بەشەری رادەگەیەنن.

ئیمە ژنان و پیاوانی بەشدار بوو لە مەراسیمی ٨ی مارس، هاودەنگ لەگەل ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی دنیا خواست و داواکاریەکانمان رادەگەیەنین و بۆ گەیشتن بەوان خەبات دەکەین

١- بە رەسمی ناسینی ماف بەرابەر بۆ ژن و پیاو لە هەموو بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکاندا.

٢- هەلوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە دژ بە ژنانن و پیاو سالارانە و نابەرابەرن.

٣-دیاری کردنی حەقدەستی یەکسان بۆ هەمووان لە بەرانبەر کاری یەکسان دا

٤- دابین کردنی بیمە کومەلایەتیەکان، بیمەی لە کارکەوتویی و خانەنشینی و بیمەی بیکاری بۆ تەواوی پیاوان و ژنان و بە تایبەت بۆ ژنانی خانەدار.

٥-سەنگسار، توندوتیژی لە دژی ژنان و قەتلە ناموسیەکان بە جینایەت و وەحشیگەری لە دژی بەشەرییەت دەزانین و مەحکومیان دەکەین.

٦-لە خەباتی موعەلیمان، دانشجویان و کریکاران بو وەدەست هینانی داخوازە رەواکانیان پشتیوانی دەکەین.

٧- ئاپارتایدی جنسی مەحکوم دەکەین.

**بژی بزووتنەوی یەکسان خوازی**

**بژی ٨ی مارس**

**بەشداربوانی ٨ی مارسی ٢٠٠٤- سنە**

# ترسی رژیم لە چونە سەری حزوری ژنان لە خویندنی بالادا



ژنانی ئیران بو سەلماندنی بوون و لیهاتووییەکانیان هەموو تەقالایەك دەکەن. لەم سالانەی دواییدا بەم هەمووە کوسب و تەگەرە یاسایی و کلتوریانەی کە لەسەر ریگای کاری ژنان لە بازاری کاردا هەبوە، ژنان لە بواری خویندن گەلیك دەسکەوتی بەرچاویان هەبوە. بەشیوەیەك کە لە هیندیك لەو بوارانەی کە لە بەهوی جیسمییەوە کوسپیان لەسەر رێ نەبووە، سەرکەوتنی ژنان ٦٢ لەسەد بووە.دەرسەدی سەرەوەی سەرکەوتنی ژنان لەم رشتانە و دەوری بەرچاویان لە شوینە ئاموزشییەکان بوەتە هوی ترسی رژیم. ژنان لە نیزامی کوماری ئیسلامیدا مافەکانیان بەهوی یاسا و ریسای دژی ژن وکلتوری پیاومە زنانەی کومەلگا پیشیل دەکری و لەبواری دەرخستنی توانایی و لیهاتوویە زانستیەکانیانەوە لەگەل کوسپ گەلیکی یاسایی بەرەوروون.

رژیمی ئیسلامی بەوەی کە تا ئیستا لەدژی ژنانی بەریوە بردوە راناوەستی وبەردەوام شتی تازەی پی زیاد دەکات. نمونەکەی سەهمیەبەندی کردنی چوونی بو زانستگایە کە ماوەیەکە قسەوباسی سەرکردەکانی رژیمە. بەو پیێە سەهمیەی٥٠ لەسەدی بو رشتە گەلیکی وەك پزشکی، دندانپزشکی و داروسازی دیاری کراوە.

وەزیری بهداشت و دەرمان و ئاموزشی پزشکی بو پاساوکردنی ئەم سیاسەتە دەلیت:

کەم کردنەوەی سەهمیەی کچان لە رشتە تەخەسوسیەکانی وەزارتی بیهداشت، بە مەبەستی دابین کردنی هیزی پیوست بو ناوچە بیبەشەکانە. ناوبراو هەل و مەرجی کلتوری بە یەکیك لەو هوکارانە دەزانی کە بەر بە وەرگرتنی ژنان لە شوینەکانی کار دەگریت. قانونی ئەساسی و قانونی مەدەنی وجەزایی ئیران بووەتە هوی داسەپاندنی هەلاواردنی جنسی و کلتوری پیاومەزنانە. سەهمیەبەندییەکی لەم چەشنە و پیشگرتن بە چوونی ژنان بو زانستگاکان بە سەرنج دان بە لیهاتوویی و زانستیان، لە نیشانەکانی چوونە سەری هیزی دەسەلاتی پیاوان لە کومەلگای پیاومەزنییە. ئەم کردەویە هەنگاویکە بو داسەپاندنی کلتوریکی دواکەوتوو و ئیرتجاعی کە لەسەر ئەساسی هەلاواردنی جنسی و بیبەشی ژنان داریژراوە و پیویستە بە توندی مەحکوم بکری.

پێشڕەو

# ئاوارەیی و رەنجی کریکارانی بیناسازی

کریکارانی وەرزی کە زۆربەیان هیزی کاری سادەی بیناسازین، سالەهایە کە لەسەر شەقام و مەیدانی شارە گەورەکاندا بۆ بەدەست هینانی پارو نانیك کۆ دەبنەوە. چوونە سەری ریژەی ئەم کریکارانە و نەبوونی شوغل و کار وبار و داهاتی باش و گونجاو، بووەتە هۆی سەر هەلدانی هیندیك کیشە کە رەنگە لەنیو ئەو هەموو گیروگرفتە کۆمەلایەتی‌یانەی ئەمرۆی ئیران دا لەبیر چووبنەوە.

مەسعود و برا چکولەکەی لە یەکیك لە چوار رێکانی شمالی تاراندا لەگەل چەند کریکاریکی‌تر دانیشتوە و سیگار دەکیشی. شیوەی قسە کردنی یەکەمین نیشانەیەکە کە پیناسەی ئەو ئاشکرا دەکات، بەلام دەستی زبر و قەلشیوی پیشاندەری ئەوەیە کە خاوەنەکەیان بۆ زیندوو مانەوەی چەندە کاریان لی دەکیشیتەوە. ناوبراو دەلیت: ماوەی سێ سالە رووم کردوەتە تاران. هەموو رۆژیك دیمە ئیرە تاکوو لە یەکیك لەم بیناگەلەدا کە دەیبینن کاریکم بۆ دەستەبەر بیت. زۆربەی رۆژەکان کار دەست دەکەویت، لەبەر ئەوەی خەلکی ئەم دەور و بەرە دەولەمەند و، بیناسازیش پەرەی ئەستاندوە. زۆرجار کە دەچینە شوینیك بۆ ماوەی چەند رۆژیك کارمان دەبی، بەلام هەرکە کارەکە تەواو بوو، دیسانەوە دیینە ئیرە. مەسعود لە دریژەی قسەکانیدا دەلی:

لە شارەکەماندا کار نی‌یە و زۆربەی لاوەکانی بیکارن و بە مەبەستی کار کردن روو دەکەنە تاران. ئیستا لەگەل ١٠- ١٢ کەسی‌تر لە هاوشارییەکانم وەتاقیکمان بە کرێ گرتووە و پیکەوە دەژین. یەکیکیشیان کریکاری دەکات، ئەوی‌تر گول دەفروشی و چەند کەسیکی‌تریش ماشین یان کریوە و خەریکی موسافر کیشین. لەنیو کریکارانی وەرزی و موهاجردا کەسانیکی‌تریش لە ولاتانی دەوروبەر خەریکی ئەم کارگەلەن. لەوانە کریکارانیك لە ولاتی ئەفغانستان، ولاتانی عەرەبی و هەروەها ولاتانی ئاسیای نیوەراست بە مەبەستی بەردنە سەری ژیانیکی باش، ولاتی خۆیان بەجێ هیشتووە و روویان کردوەتە ئیران، کەچی لیرە ژیانیان دژوارتر لە ولاتەکەی خۆیانە.

کریکاریك کە تا دوانیوەرۆ لە چاوەروانی کاریك دا راوەستاوە و هیچ داهاتیکی نیە، ناچارە کە دەست بداتە هەرچەشنە کاریك، هەرچەند کە حەقدەستیکی زۆر کەمی هەبیت. تەنیا لەبەر ئەوەی کە ولامدەرەوەی سەرەتایی‌ترین پیداویستی‌یەکان بنەمالەکەی بیت، یان بە واتایەکی‌تر بە دەستی بەتال بەرەو مال نەگەریتەوە. زۆرجار هەرکە خاوەنکاریك بۆ کەلك وەرگرتن لە هیزی کار ئەم کریکارانە روو دەکاتە ئیرە، لەگەل هیرشی کوت و پری و بە کۆمەلی ئەوان بەرەوروو دەبی. ئەمە لە حالیك دایە کە هەرکامەیان بۆ بژیوی رۆژانەی خۆی حەقدەستیکی کەمتر بەم خاوەنکارە پیشنیار دەکات. هەلبەتە ئەم مەسەلەیە دەبیتە هۆی پیشیل کرانی ماڤی ئەوان و لادان لە یاسای کار. کریکارانی وەرزی بەشیکن لەو هیزە کارەی کە روو دەکەنە شارە گەورەکان. بوونی ئەوان لەم شارانە و هەلبژاردنی وەها ژیانیك، یانی دوور کەوتنەوە لە بنەمالەکانیان زۆرجار لە رووی ناچاری‌یە. ئەوان لە حالیکدا کە هیچ مافیکی هەلبژاردن بۆ دەستەبەر کردنی شوغلیکی باشیان نیە، بارودۆخی دژواری کریکاری و لانی‌کەمی حقوق، ئەویش بەبێ هیچ زەمانەتیکی شوغلی قەقوولی دەکەن.

# کاری تاقەت پروکین، حەقدەستی کەم



شیرکەتی ئابادان سەر بە ئیدارەی غەلەیە و گۆیا ناوەندی ئەم شیرکەتە لەشاری ئابادانە و لە زۆربەی شارەکان شوعبەی هەیە و ئاردی نزیك بە تەواوی نانەواخانەکانی ئەو شارانە لەم شیرکەتەوە دابین دەکرێ. لە شاری بوکانیش ئەم شیرکەتە ئاردی نانەواخانەکان دابین دەکات. سەهمی ئاردی نانەواخانەکانی بۆکان رۆژانە ١٤٦٧ تایە و مانگی دەبیتە حدودی ٤٤٠٠٠ تا. وەزنی هەرکام لەم تایانە چل کیلویە و ئەرکی بارکردن و داگرتنی ئەم تایانە سەرجەم لە ئەستۆی ٩ کریکارە کە تەمەنیان لانی کەم ٤٥ تا ٦٠ سالە. ئەم کریکارانە هەموویان بە شیوەی قەراردادی کار دەکەن و هەر چەند ماوەی حەقدە تا بیست و دو سال پیشینەی کاریان هەیە بەلام، تا ئیستا بیمە نەکراون و لە هەر چەشنە مەزایایەکی قانونی کار بێبەهرەن. بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار چونەتە ئیدارەی کار بەلام هیچ وەلامیکیان پێنەدراوەتەوە و پییان وتون کە ئەم شیرکەتە خسوسی‌یە و پەیوەندیەکی بە ئیدارەی کارەوە نیە. جیاواز لەمانە ئەم کریکارانە هیچ تەعتیلییەکیان نیە و ئەگەر بە هەر بیانویەك کارەکە بەجێ بهیلن حقوقیان پێنادریت. مەگەر ئەوەی کە فشاریکی زۆر بۆ خۆیان بینن و ئەو چل و چەند هەزار تایە لە ماوەی کەمتر لە مانگیك دا راگوێزن و بەمجۆرە بتوانن رۆژیك تەعتیلی بەدەست بینن و بحەسینەوە. ئەلبەتە ئەم رۆژانە بە هەلکەوت بە خویانەوە دەبینن. هەروەها هیچ ئەمنیەتیکی کارییان نیە و هەردەم مەترسی بیکاربوون و لەسەر کار دەرکردنیان هەیە. لە بەر ئەم هۆیانە ناچارن لە دژوارترین هەل و مەرجدا کار بکەن و مانگانەیەکی زۆر کەم واتە مانگی نزیکەی ٨٠ تا ٨٥ هەزار تمەن وەربگرن وتەنانەت ئەمەش تەزمینی نیە و چۆن کارەکەیان لە چەشنی قونتەراتییە ئەگەر نەتوانن لە مانگدا ئەو مقدار تایانە بە نانەواخانتەکان بگەیەنن، بەپیی ئەوە لە مانگانەکەیان کەم دەکریتەوە، مانگانەکەشیان لە بانگەکان وەردەگرن و زۆربەی مانگەکان وەدرەنگ دەکەویت و هەرچەند مانگ جاریك مانگانەیان پێدەدریت. کاری ئەم کریکارانە کۆل کیشیە و هەردەم لەگەل مەترسی کەوتنە خوار لە ماشین و تا ئاردپیدا کەوتن بەسەریان و زۆرشتی دیکەی لەم چەشنە بەرەوروون و هیچ کەرەسەیەکی ئیمەنی وەك دەست کیش و ماسك و لباس کاریکی مناسبیان پێنادریت.

بەشیکی بەرچاو لەم مانگانەیەی کە وەری دەگرن خەرجی کرێ ماشین بۆ چونە سەر کار و گەرانەوەیان دەبیت.

ئەمەی کە باس کرا گوشەیەك لە دەردی دلی یەکیك لەو کریکارانەیە کە لەم شیرکەتە کار دەکات.

# چالاکی‌یەکانی پیشوازی لە رۆژی جیهانی ژن

## سنە:

-ژنان و پیاوانی تیکۆشەری کۆمەلە لەو شارە، بەرەو پیری ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنەوە دەچن و بەم بۆنەوە لە شەقامەکانی، نەمەکی، بازاری میوە فروشان، خیابانی ناسرخەسرەو، حاجی ئاوا و بلواری خەسراوا، شەقامی چواردیواری، مەدرەسەی حیجاب، مەدرەسەی هاجەر، مەدرەسەی هەدەف، هونەرستانی حیرفەیی کچانەی ئازادی، کۆمەلیك دروشم و بانگەوازەکانی کۆمەلەیان بلاو کردوەتەوە و کۆمەلانی ژن و پیاو و خویندکارانیان بۆ ریز گرتن لە رۆژی ٨ی مارس بانگهیشت کردووە.

-هاوریyانی تیکوشەری کۆمەلە لە شاری سنە بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن لە گەرەکی بلواری کوردستان دروشم و بانگەوازەکانی کۆمەلەیان بلاو کردەوە.

تیکوشەرانی ژن و پیاو لە شاری سنە، خەریکی خۆسازدانن بۆ ئەوەی کە سەرەرای حوکمی سەرکوتگەرانە داب و نەریتی کۆن لە ئیران، بەریوەچوونی رێورەسمی ٨ی مارس بە سەر رژیمی ئیسلامی‌دا بسەپینن.

## بۆکان:

تیکوشەرانی کۆمەلە لە شاری بۆکانیش وەکوو زۆریك لە شوینەکانی کوردستان بە پیشوازی ٨ی مارسەوە چوون.

بەم بۆنەیەوە شەوی ٧ی مارس کۆمەلیکی زۆر لە دروشم و نوسراوەکانی پەیوەندیدار بەم رۆژەیان لەم شەقام و گەرەکانە بلاو کردوە:

کوی فەرهەنگیان، کوی محەمەدی، شەقامی وەرزشی، مەیدانی قوتبان، شەقامی ئاموزش و پەروەرشی کۆن، ئەبوزەرو شەقامی ساحلی.

## ژاوەرۆ:

لاوانی تیکوشەر لە ئاوایی دادانەی سنە بە نووسینی شیعار و بلاوکردنەوەی نوسراوە لە سەر ویست و داخوازیەکانی ژنانی ستەم لیکراو، بەرەو پیری ئەو رۆژە چوون.

## هاودەردی بۆ رووداویکی دلتەزین

شەوی ١٢ی رەشەمە جیبیك لە شاری بۆکانەوە بەرەو ئاوایی "گلولان" دەگەریتەوە کە، بیجگە لە شوفیرەکە ژنیك و دوو مندال سەرنشینی دەبن. لە ریگادا و لە نزیك ئاوایی بەهۆی زۆری ئاوی چۆمی گلولان جیبەکە گیر دەکات و شۆفیرەکە دروات تاکو لە ئاوایی گلولان کەس بینی و ماشینەکە دەربینەوە. تاکو شوفیری جیبەکە دەگەریتەوە ماشینەکە نوقمی ئاو دەبیت و سێ سەرنشینەکە کە دایکیك و دوومنال دەبن بە ناوەکانی جەمیلەی محەممەد نژاد، ئیلهام سەلیم زادە و پەیام سەلیم زادە بەداخەوە دەخنکین.

جەنازەی ژنەکە رۆژی دواتر لەنیو ئاوەکەدا دەدۆزریتەوە. پیویستە بوتری کە جەنازەی ئەم سێ کەسە لە ئاوایی گلولان و بە بەشداری خەلیکی زۆر بە خاك دەسپیرن.

ئیمە بەم بۆنەوە ئەو پەری داخ و پەژارەی خۆمان لە رودانی ئەم رووداوە دلتەزینە رادەگەینین و سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەمالەو کەس و کاری قوربانیانی ئەم رووداوە و خەلکی ئاوایی گلولان دەکەین و خۆمان بە بەشداری خەمیان دەزانین.

## پاشماوەی رێ و رەسمەکانی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن

-کریکارانی کارگەی ئاسنگەری

ریکخراوی منال پاریزی کوردستان

-لیژنەی ناوچەی ماوەت

-کارمەندانی سەرتاشخانەی پیشەنگ

شایی و هەلپەرکی بەبۆنەی ئەم رۆژە مەزنە، کۆتایی بەخشی رێورەسمی رۆژی ٨ی مارس بوو کە تییدا ژمارەیەکی زۆر لە میوانەکان بەشداریان کرد.

رەنگدانەوەی واقعی هەل و مەرجی ئیستای زال بەسەر ژنان و سەرجەم کۆمەلگای ئیرانە. دەنگ دانەوەی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی رۆژی جیهانی ژن لە پارکی لالە لە ئاستی ئیران و جیهان دا گەلیك زیاتر بوو لەوەی کە ئەگەر بە رەسمی ریگای پێدرابا. و ئەوە بەرهەمی کار و تیکۆشانی ئەو ژنە کولنەدەر و تیکۆشەرانە بوو کە عەزمیان جەزم کردبوو لەو رۆژەدا دەنگی خۆیان بە گویی جیهان بگەیەنن.

## رۆژی جیهانی ژن لە تاران ریزی لیگیرا

رۆژی دووشەممە ١٨ی ریبەندانی ١٣٨٢، کۆمەلیکی زۆر لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و تیکۆشەری شاری تاران بۆ بەریوە بردنی ریی و رەسمی جەژنی جیهانی ژن لە پارکی لالەی تاران کۆبوونەوە. بەریوە چوونی ئەو ریی و رەسمە لەلایەن رژیمەوە قەدەغە کرابوو. هەر بۆیە مەراسیم بوو بە خۆپیشاندانیکی پر لە بیزاری و نەفرەت بۆ رژیمی ئیسلامی. گۆپال بەدەستانی رژیم بە هەرەشە و نیشان دانی زەبر و زەنگ هەولیان دەدا بلاوە بە خۆپیشاندەران بکەن، بەلام سەرسەختی جەماوەر و زۆربوونی خەلك، رژیمی تووشی شکست کرد و هوتاف کیشان و بەرز کردنەوەی دروشم و تەنانەت سوخەنرانی و سرودخویندنەوە تا ماوەیەك دریژەی کیشا.

رژیم کە ریگای نەدابوو لە ئامفی تیئاتری پارکی لالە، ریی و رەسمی رۆژی جیهانی ژن، بە شیوەی رەسمی بەریوە بچێ، بەم کارەی خۆی بوو بەهۆی بەریوە چوونی ری و رەسمیکی‌تر کە

## بەریوە چوونی رێورەسمی ٨ی مارس لە نۆرویژ

رۆژی شەممە ریکەوتی ٦ی مارسی ٢٠٠٤ مەراسیمی ریزگرتن لە رۆژی جیهانی ژن لە شاری" کزنگسونیگر" ی نورویژ بەریوە چوو.

مەراسیمەکە بە سوخەنرانی و خویندنەوەی پەیام و شایی و هەلپەرکێ لەکەش و هەوایەکی دۆستانەدا بەریوەچوو و تاسەعاتی ١٠ی شەو دریژەی کیشا. سەرەتا هاورێ ئیرانی مرەوەتی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بەبۆنەی ٨ی مارس ووتاریکی پیشکەش کرد. پیویستە بووتری کە رۆژنامەی" گلوم دال" بەم بۆنەوە وتوویژیکی لە گەل هاورێ" ئیران" ساز دابوو کە، هەر ئەو رۆژە واتە رۆژی شەممە دەقی وتوویژەکە لە رۆژنامەکەدا چاپکرا. ئیران لەو وتووێژەدا تیشکی خستبووە سەر گرینگی و بایەخەکانی دیفاع لە ماڤ ژن. دواتر هاورێ بیهروزی ناسری یەکیك لە ئەندامانی حیزب کە وتەبیژی سەرەکی مەراسیمەکە بوو، چەند قسەوباسیکی لەسەر میژووی ٨ی مارس پیشکەش بە بەشداربووان کرد. پاشان پەیامی پیرۆزبایی خویندرایەوە. دوای ئەم بەشە یەکیك لە هاورییان، چەند ووتەیەکی سەبارەت بە داب و نەریتی کۆن و پیاومەزنانە کە بە سەر ژناندا سەپاوە باس کرد. کوتایی مەراسیمەکەش بە پەزیرایی لە میوانان و لە نیو گورانی و شایی‌دا هەتا سەعاتی ١٠ی شەو دریژەی کیشا.

## موحاکمەی مودیری گۆڤاریك بە تاوانی چاپی وینەی ژنیکی دەم بە پیکەنین

رۆژی ٤ی رەشەمە مودیری گۆڤاری مانگانەی "پەیامی شادی" لە تاران لەبەر ئەوەی کە لە گۆڤارەکەیدا عەکسی ژنیکی دەم بە پیکەنینی لی دابو، کیشرایە پای موحاکمە. مودیری ئەم گۆڤارە لە دیفاع لە خۆیدا لە دادگا وتی: ئاغای قازی تکایە ئیوە سەرنج بدەن کە ئەو عەکسە بە بۆنەی وتاریکەوە چاپ کراوە کە سەردیری وتارەکە "دەوری شادی و پیکەنین لە چارەسەر کردنی کیشەکانی رەوانی و گیروگرفتەکانی ژیانە". باوەر بکەن کە من هیچ مەبەستیکی خراپم لەم کارە نەبووە و تەنانەت ئەم خانمە دەم بە پیکەنینە لە چاپی عەکسەکەدا حیجابی ئیسلامیشی بۆ لەبەر چاو گیراوە.

ئەم هەوالە نمونەیەکە لە دەیان کیشەی لەم جۆرە کە رۆژانە لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی‌دا لەلایەن کۆمەلیك مەلای کەللە ویشك کە ناوی قازیان لە خۆیان ناوە بەریوە دەچێ.

دەورەی دووهەم ژمارە ١٨٥ نیوەی ئەوەلی رەشەمەی ١٣٨٢- مارسی ٢٠٠٤

پیشرەو




# بووکۆکە

نووسینی: مەهتاب زلقی

وەرگیرانی: پەیمان

حاجی ئاغا لەپشت دەرگاکە دانیشتوە،جار ناجاریك دەجوولیتەوە عەبا قاوەییەکەی و عەمامە سپیەکەی دەبینم.دەنگی یەکیك لەژنەکان بەرزبووە:

دلی زاوا تلیساوە
بووك لە خەو هەلنەساوە
حاجی مارەی بخوینی
با لە خەو هەلیسینی

دەنگی حاجی ئاغا قریشکە و پیکەنینی ژنەکانی خاموش کرد:

_ خانم حەرامە نامەحرەم گویی لەدەنگتان دەبی.

سەرم هەلینا تابزانم چ باسە.سەرنجم چوەسەر ئاوینەکە.بوساتیك روخساری علی ئاغام بینی.نا،ئەمجارەش چاکم نەدی.تەنیاموم بەرچاوکوت، باقەیەك ریش و سمیل.خوزگە بویری تەنیاتماشا کردنیکم دەبوو تا لانیکەم بمزانیبا عومریك خوم گیرودەی چ قەد وقەوارەیەك دەکەم.لە بەرانبەردا خوانەیبری تماشاکردنی عەلی ئاغا خەریکەهەلم لووشی.ئەوانی تریش بەتوندی چاویان تیبریبوم.وەك بووکوکەی بەر جامی دووکانەکان.ئازاری دنیام چیشت چوومەئەم شکل و قەوارەوە.نیوەی پرچم بە بیگوودی و کلاومیش رندرایەوە.

ئیستاش شوین خەتی چاوم دەکزیتەوە.عەلی ئاغاش شانەیەکی بەریشدا نەهیناوە.باش دەزانی کە بەلیکە من دەیلیم.کچ کە دانیشتە سەرخوانی مارەکردن وەك بووکوکە قورمیشەکان بییەوێ و نەیەوێ دەبی بەلیکە بلی.ناچارە کە بیلی.حاجی ئاغا دەفتەرەکەی کردەوە.یەکیك لە پیاوەکان لی لی لی لی کیشاحاجی ئاغا پیکەنی.

بارەك الله کورە قوزەکە،بسم الله الرحمـــن الرحیم.الحمدالله...،دوشیزەی موحتەرەمە خانمی زارای راد.ئایا بەندە وکیلم ئیوە بو هەمیشە...گشت چاویان بریوەتە زاری من، وەك منالی کە چاو دەبریتە زاری بووکۆکەکەی تا گویی لە دەنگی بی.عەلی ئاغاش لە ئاوینەکەدا بەتوندی لەسەر جوولانەوەی لیوکانم سەیادە.لە خوای خوت نەترسی و گەزیك زمانی لی دەرکیشی.شایەد بەم چەشنە لیم پەشیمان بیتەوە و سەوداکەشی هەلوەشینیتەوە .

پیویستە عەلی ئاغا بلی بەلی.ئەم گشتە جر وجانەوەرەیان لە دەم و چاوم هەلسوە تا ئەو منی بوێ؟ من کە بەلی وتنم بە ئیختیاری خۆم نیە. دەنگی یەکیك لە ژنەکان بە سەرما دەرووخێ.

–بووك چوە بۆ گول چنین.

نا، من هەر لیرەم. تەنیا قورمیشیان کردوم کە سیهەمین جار بلیم بەلێ..

–بۆجاری دووهەم ئەیلیمەوە، دووشیزەی موحتەرەم خانمی زارای راد.. عەلی ئاغا لە رۆژی داوا کردندا وتی نابێ لە مال بیمە دەرەوە. گەرەکیە لە مالەوە بمشاریتەوە تا قورمیشەکەم ژنگ بینێ. تا نە بە لیدان بزریکینم وهەر کاتیك کە مەمکە مژەکەیان لە زار دەرهینام بگریم. وتی نامهەوی لە دەرەوەی مالیش کار بکەی. پیویستە هەر بەو برە مانگانەی خۆم وەری دەگرم قانع بی. وەك ئەوەی کە تەنیا من ئەمەی بژیم. گشت رۆژ رەشیەکانی ژیان بۆ ژنە. ئیستا دەزانم دایکم چ ئازاریکی کیشا. بەهەر چەرمەسەریەك بوایە بریك لە حقوقەکەی بابمی پاشەکەوت دەکرد و هەرچەند سال جاریك بابیشم ژنیکی بۆخۆی پێسیغە دەکرد. سەرەنجام هەمووشیانی بەرەلا دەکرد. دایکم یەکیك لەو بووکۆکە هەرزان بابیانە بوو کە قورمیشیان نیە. تەنیا دەیروانی، دەنگی دەرنەدەهات ئەگەریش قورمیشی بووبێ بابم لە کاری خستبوو. ئەیوت:"ژن گەل نابێ روویان پێبەی". گەرەکیە پشیلەکە لە شەوی حجلەدا بکوژی منیش وەك دایکم دەبمە بووکۆکە.

حاجی ئاغا هەر سوورە لەسەر ئەوەی بیچارەم کا:"ئایا وەکیلم؟". دیسان لە جیاتی من کەسیك قسەی کرد:"بووك چوە گولاو بینی" وینەگر بەردەوام وینە دەگری:"بووکەکە هیندیك سەرت بەرز کەوە". کەسیك نیە بلی ئەم وینانە بە کاری بەر ویترینی هیچ دووکانیك نایەن. ئەم بووکۆکە فرۆشراوە.

بۆ سیهەمین جار ئەیلیمەوە، بووکۆکەی قورمیشی، خانمی زارای راد...

عقلم تا هیچکوێ بر ناکا. عومریك پیکەنین، چۆپی گرتن، دایە دایە وتن، ئیستاکەش قیژاندنم بەدەست خۆم نیە، شایەد بۆ عومریك هەموو شتیکم لە ناخم دا بخنکێ. یەقینەن هەروای لیدی. بێهوودەیە. سەرەنجام دەبی ببمە بووکۆکەی یەکیك یان نا؟ عەلی ئاغا و یەکیکی دی چ جیاوازییەکی هەیە. متەق لە خۆم دەبرم بەلام بیدەنگیش یانی رازی بوون. بەلام من رازی نیم. دەنگی حاجی خەریکە شیتم دەکا:

ئایا وەکیلم، بووك ئەمجارە بۆ چنینی چی چوە؟

بووکۆکە قورمیش کراوە بلی بەلی نەك شتیك بچنی. یەکیك لە بووکۆکەکان سەری هینا بن گویم:

خانم بووکی، خانم بووکی، بیژە بەلی...

ئەترسم بلین ئەم بووکۆکە قورمیشەکەی ئیش ناکا. نا! من بووکۆکەیەکم کە دەزانم هەلپەرم، پێبکەنم، بگریم، قورمیشەکەم ئیرادی نیە. وشەی رازی بوون چی بوو؟ لە بیرم چووەتەوە. عەلی ئاغا لە ئاوینەکەدا تماشام دەکا. خەریکە بە چاو لیکردن قورمیشم دەکا:"نەلیی بەلی ناتکرم ها!"

باوکم هاتوەتە دەم دەرگاکە. تەمەنیك چاوەکانی بابم قورمیشیان کردووم. ئەمجارەش چاوی لە چاوم بریوە. تەکلیفم لەگەل ئەم نیگایەدا چیە؟ حاجی ئاغا سەری لە دەرگاکەوە زیاتر دینیتە ژوور:"بەلی خانم بووکی؟" نا! ئەمجارە ئەم بووکۆکە بە جیگای پیکەنین دەیەوی هاوار بکا، بقیژینی دیسان حاجی ئاغا دەمی کردەوە:"خانم بووکۆکە بەرزتر بیلی گویم لی نەبوو" لەسەر ئیزنی بابم، بەلی...

# نوینەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی چ کەسانیکن؟

بە چاوخشاندنیکی خیرا بەسەر رابردوی ژمارەیەك لە نوینەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی تاران کە لەلایەن وەلی فەقیە، شورای نیگابان، قووەی قەزائییە و مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام دەست چن کراون، ئەوەمان بە ئاشکرا بۆ دەر دەکەوێ کە مەجلیسی حەوتەم کۆمەلیکە لە کەسانی جەلاد، ئەشکەنجەگەر و تیروریست و دزە کارامەکانی سەر بە رژیم. لانیکەم حەوت کەس لە ئەوان وەك: ئاماد ئەفروغ، حوسین فیدایی، سەعید بوتالب، عەلیرەزا زۆکانی، ئەحمەد تەوەکوللی، پەرویز سروری و میهدی کوچەك زادە ناسراو بە "نادران" هەموویان لە جوملەی فەرماندەکانی پیشوی سپای پاسداران. حوسین شەیخولئیسلام، فەزوللا موسەوی، حەداد عادل و مەنوچیهری موتەکی راستەوخۆ لە دەرکردنی حوکمی تیروری سەدان کەس لە نەیارانی رژیم دەستیان هەبووە. حەداد عادل ئەندامی شورای عالی سازمانی فەرهەنگ و پەیوەندییەکانی ئیسلامی و ئەندامی مەجمەعی جیهانی ئەهلی بەیتە کە ناوەندیکی بونیادگەرای ئیفراتییە. مەنوچیهری موتەکی راستەوخۆ لە تیروری نەیارانی رژیم کە لە ولاتی تورکیە بوون دەستی هەبووە و حوسینی شەیخولئیسلام رابتی کۆماری ئیسلامی لەگەل تاقمە تروریستییەکانی دەرەوەی ئیران بووە. سەید محەممەد میهدی تەباتەبایی حاکمی شەرعی یەکیك لە دادگاکانی ئینقلاب لە تاران و دادستانی ئینقلاب لە ئوستانی مازندەران بووە کە، شەخسی خۆی حوکمی ئیعدامی سەدان کەسی دەر کردووە. حەمیدی کاتوزیان و زیبا کەدخودا لە جوملەی دانشجویانی خەتی ئیمام و بارمتە گیرەکانی بالۆیزخانەی ئامریکا لە سالی ١٩٧٩دا بوون. حوسینی نەجابەت لە بەرپرسانی پیشوی جەهادی سازەندەگی و بونیادی موستەزعەفان بووە کە لە تالان کردنی سەروەت و سامانی خەلکی ئیران دا دەستی بالای هەبووە. رەشیدی جەلالی کە لە حالی حازردا وەك یەکەمین کاندیدی کەرەج بۆ دەوری دووهەم پەسەند کراوە، لەو پاسدارانەیە کە لە جەریانی سەرکوتی قیامی خەلکی قەزوین دەستوری تەقە کردن لە خەلکی دەرکرد و بۆ ئەم کارەشی لەلایەن ریبەرانی رژیمەوە تەشویق کرا.

پیشینەی نوینەرانیتری مەجلیس بە مروری زەمان زیاتر روون دەبیتەوە.

# راگەیاندنی ئەنجومەنی ژنانی پیشرەو بە بونەی ٨ ی مارس روژی جیهانی ژن

لەم راگەیاندنەدا هاتوە: دوای هاتنە سەر کاری کوماری ئیسلامی لە ئیران و تیکەلاوی دین و دولەت،ژنان زورتر لە هەمیشە کەوتنە کوت و بەندەکانی یاسای دژ بە ژن و ستەمی نیزامی پیاو سالار وژنان چ لە ناو بنەمالەو چ لە کومەلگادا توشی دەیان جۆر نەهامەتی هاتن. خۆ سووتاندن و خوکوژی ژنان، قەتلی ناموسی، بەرگری کردن لە هەلدان و گەشەکردنی ژنان لە بوارە جوراوجورەکاندا سوکایەتی و بێحورمەتی کردن بە کەسایەتی ژنان،بوون بە رەوتیکی ئاسایی ژیانی ناو کومەلگا.

ئیستا ماوەی چەند سالیکە کە ژنانی ئیران دیواری بی دەنگییان شکاندووە و ئاسوی خویان بو کومەلگای داهاتوو دیاری کردوە. ئیستا و دوای چارەکە سەدەیەك لە دەسەلاتداریتی رژیمی ئیسلامی ژنانی ئیرانی خالە لاوازەکانی خەباتی خویان دەناسن و هاوشان لەگەل بزوتنەوە کومەلایەتیەکانی تر بە تایبەت بزوتنەوەی کریکاری هەول دەدەن بو روخاندنی رژیمی کوماری ئیسلامی. ئەنجومەنی ژنانی پیشرەو هاوکات لەگەل ریزگرتنی لە٨ ی مارس، داوا لە تەواوی ژنانی کوردستان دەکات کە شانی بە شان بزوتنەوەی سیاسی کومەلایەتیەکانی ژنان و بزوتنەوەی سوسیالیستی ئیران،هەول بدەن بو هینانە خوارەوەی رژیمی ئیسلامی لە دەسەلات. بەیانیەکە بە پیروزبایی روژی جیهانی ژن،کوتایی پی دیت.

# دوو جینایەتی رژیم لە بانە و سەردەشت

## سەردەشت:

رۆژی دوشەممە ریکەوتی ١٨ی رەشەمە، لە نیزیکی ئاوایی "دولکان"ی ئالانی سەر بە شاری سەردەشت، مەئمورانی ئینتزامی رژیم لەسەر ریگای کاروانچیانی سەر نەواری مەرزی، کەمینیکیان دانا بوو. مەئموران تیرئەندازیان لە کاراوانچیان کرد و بە داخەوە یەکیك لەوان بە ناوی عەبدوللای شیخەپوور، خەلکی ئاوایی "نیو کوردار" گیانی خوی لەدەست ئەدات.

پیویستە ئاماژە بکری کە ئەم کاروانچیە زەحمەتکیشە ژنیك و شەش کچی بووە و لە ریگای کاروان چیەتیەوە بژیوی بنەمالەکەی دابین دەکرد. دواتر تەرمی کاك عەبدوللا بردراوە بۆ ئاوایی "نیو کوردار" و لەوێ بە خاك ئەسپەردە کرا.

ئیمە ئەم جینایەتە وەحشیانەیەی رژیم بە توندی مەحکوم دەکەین و سەرەخوشی خومان ئاراستەی بنەمالەی کاك عەبدوللا دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

## بانە:

شەوی یەکشەممە ریکەوتی ١٠ی رەشەمە، ماشینیك کە لە چومانەوە بەرەو بانە دەچوو، لەلایەن هیزەکانی بەکریگیراوەکانی ئینتزامییەوە تەقەی لیدەکرێ و لە ئاکامی ئەم تەقەیە شوفیری ماشینەکە کە کەسیکی بەناوی عەلی فەرەجییە گیانی بەخت دەکات. دوای ئەم کارەساتە جنازەکەی کاك عەلی دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی شاری بانە. هەوالی ئەو رووداوە بە خیرایی لەشاری بانەدا بلاو دەبیتەوە. خزم و کەس و کاری کاك عەلی بۆ وەرگرتنی جنازەکەی بەرەو نەخۆشخانە دەرۆن و ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی بانەش بەم بۆنەوە لەگەلیان رێ دەکەون. خەلکی نارازی و تورە بەهۆی ئەم جینایەتەی هیزە بەکریگیراوەکان روویان کردە فەرمانداری ئەم شارە و شوشەکانیان شکاندن. دواتر بۆ ئەسپەردە کردنی بەرەو گورستان رویشتن. مەراسیمی ئەسپەردە کردنی کاك عەلی فەرەجی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی شاری بانە بەریوە چوو.

ئیمە ئەم جینایەتە بەتوندی مەحکوم دەکەین و هەروەها سەرەخوشی خۆمان ئاراستەی بنەمالە و خزم و کەس وکاری کاك عەلی فەرەجی دەکەین.

# سالی ١٣٨٣، گرانی لە رێدایە

بەپیی گوزارشیك کە لە سەرچاوە رەسمییەکانی رژیمەوە بلاو بووەتەوە لە بودجەی سالی ١٣٨٣دا قیمەتی نەوت و بنزین و گازی سروشتی ١٠ دەرسەد زیاد دەبی. هەروەها قیمەتی بەرقی ناومال ئەگەر مەسرەف لە ٢٠٠ کیلووات سەعات زیاتر بێ هەتا ٢٥ دەرسەد دەچیتە سەرێ.

بەپیی ئەو هەوالانەش کە بە غەیرە رەسمی بلاو بونەوە، لە بودجەی سالی داهاتودا هەزینەی گەلیك لە خزمەتگوزارییە دەولەتییەکان دەچیتە سەرێ. ئەمە لە حالیك دایە کە لە بەرنامەی بودجەی سالی داهاتوودا هیچ پیش بینییەك بۆ زیاد کردنی حقوقی کارمەندان و حەقدەستی کریکاران نەکراوە. بێگومان دریژەی ئەو سیاسەتە دەبیتە هۆی ئەوەی کە ئاوسان و گرانی لە سالی داهاتوودا گەلیك لەئیمسال زیاتر بی.

بۆ نمونە، یەکیك لە بەریوەبەرانی خانەی کارگەری ئازەربایجانی غەربی دانی بەوە داناوە کە بەپیی بەراوەردیك کە کراوە گرانی و ئاوسان لەئیمسالدا کاریکی وای کردووە کە، ئەو حەقدەستەی وا کریکاران وەری دەگرن تەنیا ٣٠ دەرسەدی حەقدەستی رەسمییە. ناوبراو وتویەتی: ئەو برە پولە تەنیا بەشی ئەوەندە دەکات کە کریکار و بنەمالەکەی لە برسا نەمرن.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 185 March: 2004

# پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن

پیروزبیت ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن، رۆژی هاوپشتی جیهانی بەدژی نابەرابەری جنسی.

ئەمسالیش لە هەل ومەرجیکدا بە پیشوازی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنەوە دەچین کە ژنانی ئیران هەروا ستەمی دووقاتی کۆمەلگای سەرمایەداری و دەسەلاتی رەشی دواکەوتوانەی مەزهەبی و کلتوری پرتوکاو و پیاوەمەزن لەسەر شانیان قورسایی‌دەکات. لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی یاساورئیسای دواکەوتوانەی مەزهەبی لەگەڵ کلتوورو ئەخلاقیاتی سونتەتی و پیاوەمەزن ئاویتەی یەکتر بوون و بێ‌مافی‌یەکان و تەحقیری هەر رۆژی ژنانیان نەهادینە کردووە.

ئەگەر لە ولاتانی پیشکەوتووی سەرمایەداری‌دا ئاکامی ئال وگۆرە ئابوری‌یەکان وخەباتی هەنگاو بە هەنگاوی ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز گەلیك فورسەتی لە بواری بەرابەری حقوقی بۆ ژنان هیناوەتە ئاراوە، بەڵام لە ئیران، کۆماری ئیسلامی بەراگرتنی زۆربەی هەرە زۆری ژنان لە کونجی مال دا ئەرکی کاری کۆیلەتی ناو مالی بەسەر ئەوان دا سەپاندووە و دوور کردنەوەیان لە بواری بەرهەم هینان دا، ژنانی زیاتر لە هەر کاتیکی‌تر خستۆتە ژیر دەسەڵاتی ئابوری پیاو و بناغەکانی ستەمگەری پیاوانی لەسەر ژنان لەناو مال دا پتەو کردووە. لەژیر دەسەلاتی رژیمی ئیسلامی دا فەحشا و لەش فروشی ژنان بەشیوەیەکی بێ‌وینە پەرەی سەندووە و ئازاری جنسی ژنان بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی.

تیپەر بوونی زیاتر لە دوودەیە لە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی و یاسا دواکەوتوانەکانی، کاری کردوەتە سەر ئاستی داوا کاریەکانی ژنان لە سەرجەم بوارەکان و لە لایەکی دیکەوە فەقری مالی و پەیوەندی بنەمالەیی لەسەر ئەساسی زۆرداری پیاو، هەل ومەرجیکی یەکجار دژواری بۆ وشیاری سیاسی ژنان و هەنگاونانیان لە خەبات لە دژی ئەم هەلاواردن و بێ‌مافیانەی پیك هیناوە.

لە ماوەی ئەم سالانەی دوایی‌دا لەسەر ئەساسی بوونی ئەم راستی‌یە تال ودژوارانە، جەریانانی دواکەوتوی فیمینیزمی ئیسلامی بە کەلك وەرگرتن لە بێ‌مافی ژنان هەولیان داوە بۆ دۆزینەوەی پاساویك بۆ گونجاندنی یاساو ئەحکامی ئیسلامی لەگەل خەباتی ژنان بۆ رزگاری و ئاشت کردنەوەی یاساو ریسای دواکەوتووی و مەزهەبی لەگەل مافەکانی ژن. هەروەها ویستویانە کە بە هینانە گوری بوچونی نیسبەتی فەرهەنگی ژنانی ئیران لە هاوپشتی لەگەل هاوچارەنوسانی خویان لەباقی شوینەکانی جیهان بێ‌بەشی بکەن.

ئەگەر خواستەکانی ژنان خواست گەلیك جیهانین و خەباتی ژنان بۆ وەدەست هینانی ئەم خواستانە بزوتنەوەیەکی جیهانی‌یە، تیئوری نیسبەتی فەرهەنگی هەوالیکە بۆ پیك هینانی کەلین و جیاوازی لە ریزی ئەم خەباتەدا. رەوتی فیمینیزمی ئیسلامی وەك بەشیك لە بزوتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوازی لە ماوەی سالانی رابردودا هەولی‌داوە تاکوو لە ریگای جۆراوجۆرەوە بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان بە لاری‌دا بەرێ.

بە هەموی ئەوانەوەو سەرەرای سەرجەمی ئەو بەرتەسکی و دژواری‌یانەی کە ئاماژەیان پێکرا، ئیمە لە ماوەی چەند سالی رابردودا شاهیدی جم وجۆلیکی رادیکال و یەکسانی خوازانە لەنیو بزوتنەوەی ژنان دا بوین کە بە شیوازی جۆراوجۆرو بە بەکارهینانی ئیبتکاراتی متنەوع هەولیان داوە تاکو دەنگی نارەزایەتی و خەبات لەدژی نابەرابەری جنسی بەگوێ بەشەرییەتی ئازادی خواز بگەیەنن. ریزی ئەم خەباتە دەبێ بە هیز بکرێ، زایەلەی دەنگی ئەم خەباتە دەبێ بە گورتر و هەمو جێیەك بتەنێ.

بزوتنەوەی ئازادی خوازانەو سوسیالیستی بە بێ بەشداری هەلسوراوانەی ژنان هیچ مانایەکی نییە. ئەمە ئەرکی هەر ئینسانیکی ئازادە و سوسیالیستە کە لە ریزی پیشەوەی خەبات بو رزگاری ژنان لە قەیدوبەندی ئاپارتایدی جنسی و سەرجەمی شیوەکانی ستەمگەری لەسەر ژنان دابێ. وەرن لە ٨ی مارسی ئەمسال دا بە عەزمیکی جەزمتر لە ریگای خەباتیکی سازماندراو ریکخراوی ژنان و هەروەها جوشدانی لە گەل بزوتنەوەی کریکاری بۆ سرینەوەی نابەرابەری جنسی هەنگاو هەلبیینن.

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

مارسی ٢٠٠٤ی زایینی

# "ژیانی ئەمرۆم ئەفرۆشم بو کرینی نانی سبەی"

خەلکی بێ‌بەشی ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان لە بێ‌ئیمکاناتییەکی زۆردا بەسەر دەبەن.

سەرنج نەدانی سەران ودەسەلاتدارە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی بەم ناوچانە بوەتە هۆی ئەوەی کە ئاستی ئیمکاناتی بیهداشتی و رفاهی و هەروەها فیرکردن و ئیشتغال بە نیسبەت ناوچەکانی‌تر زۆر لە خوارەوەتر بیت. خەلکی ئەم ناوچانە کە لە ماوەی شەری چەند سالەی ئیران وعیراق هەموو رۆژیك لەگەل گرفتەکانی شەردا دەستەویەخە بوون و لە نالەبارترین هەل ومەرجی ژیاندا بە سەریان دەبرد، ئیستاش پاش ١٥ سال لە کۆتایی هاتنی شەری دواکەوتوانە، هیشتا مەیدانەکانی مین لەم ناوچانە خاوین نەکراونەتەوە. ئەم مینانە کە ئەوکات لەلایەن بەکرێ گیراوانی جەهل و سەرمایەوە بو بەرەنگار بوونەوە لەگەل بزووتنەوەی شورشگیرانە لە کوردستان چیندرابوون، جاروبار دەبنە هۆی گیان لەدەست دانی ژمارەیەك لە خەلکی ئەم ناوچانە. ئیستاکە بە هۆی هەژاری و دەست کورتی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوچانە کە هۆکاری سەرەکیی کۆماری ئیسلامی‌یە، لاوان و تازە لاوان و هەر وەها زۆربەی خەلك بو دابین کردنی گوشەیەکی چکولە لە بژیوی بنەمالەکانیان روو دەکەنە سنوورەکان.

ئەم خەلکە بو بژیوی رۆژانەیان ناچارەن کە سەرەرای ئەو هەموو گیروگرفتەی کە دیتە سەر رێیان وەك مەیدانی مین و کەمینی بەکریگیراوانی رژیم، سنوورەکان ببرن و دەست بدەنە کۆل بەری. ئەویش ئەگەر لە رۆژدا ٢-٣ هەزار تمەنیکیان دەست کەویت.

ئەو لاوە ٢١ سالەیە کە ماوەی چەندی سالیك لە تاران دا لەگەل کریکارانی ئەفغانی کاری کردبوو، ئیستا شان بەشانی کریکارانی ئەفغانی بە بوونی ریگای دژواری شاخ و دۆلەکانەوە خەریکی کولبەری‌یە تا خۆی و بنەمالەکەی لە برسیەتی‌دا نەمرن. ئەم لاوە چ تاوانیکی هەیە کە دەبێ هیزەکانی ئینتزامی وەك گورگ بەر ببنە گیانی و لە لایەکی تریشەوە ببیتە قوربانی مەیدانەکانی مین؟ ئەو لاوە کە هەر لەم ریگایەوە باوکی لەدەست داوە، بە باشی دەزانێ کە چارەنووسی باشتر لە چارەنووسی باوکی نابیت. بەلام سەرەرای ئەمانە لە بەر ئەوەی کە خەرجی خوشك و براکەی یان منداڵەکانی دابین بکات ناچارە کە ژیانی بە شیوەیەکی شەرافەتمەندانە بەریتە سەرێ و خۆی ئاویتە هیندیك کار نەکات.

نیوخۆیی وشتی‌تری لەم چەشنە ئەوەندە بایەخ و گرینگی هەیە کە بۆ ئاغازادەکان و دەسەلاتدارە دزو بەرتیل خۆرەکان بایەخ و گرینگی هەیە.

مەگەر ئەو تالان کەرانەی حکوومەت چەندە لەبیری ولات و سیستمی ئابووری هەن تا ئەم برسی و بێ‌بەشانە لە بیری‌دا بن؟

ئایا بەراستی مەترسی کۆلبەری کردنی چەند کیلو چای و برنج زۆرترە لە مەترسی وارداتی مەوادی موخەدر لە لایەن مافیای کۆماری ئیسلامی و بلاوکردنەوەیان لەنیو لاوان دا؟ کاتیك کە چای لە ئینحساری ٣-٤کەس لە مافیای حکوومەتی‌یە، لە لایەکی‌ترەوە بۆ جێ‌بە جێ کردنی ٤-٥ کیلو چای، گیانی ئینسانەکان دەکەویتە بەر گوللەی پشتیوانانی جەهل و سەرمایە. بەم جۆرەیە کە ژمارەیەکی ئینسانی کریکار و برسی بە تاوانی بە دەست هینانی پاروە نانیك، بە دەست باندە مافیا و جینایەتکارەکانی سەرمایە، گیانی خۆیان لە دەست دەدەن.

---

دەبوو، منداڵەکەیان لە دایکەکە دەرەفاند و دەیانبردن بو دامەزراوەکەی خویان.تائیستا ئەوە ئاشکرا نەکراوە کە چەند منداڵی ساوا لە لایەن ئەم باندەوە رفیندراون و دراون بە چ بنەمالە گەلیك. ماوەیەك لەمەوبەرچاپەمەنییەکان یکان بلاویان کردەوە کە، تاوانباری سەرەکیی پەروەندەی "گولی یاس" پیش ئەوەی کە بە حوکمەکەی پیی دا بینەوە،بە زەمانەت لە زیندان ئازادکراوە.

ئەفسەریکی هیزی هەوایی لە "کنارەك"ی بەلوچستان دەست دریژی کردبووە سەر کچیکی تەمەن٩ سالە. بە هوی ئازادی کرانی ئەم ئەفسەرە،خەلك بە شیوەیەکی بەربلاو نارەزایەتی خویان سەبارت بەم حوکمە دەربری، کە لە ئاکامی ئەم نارەزایەتییەدا لە نیوان خەلك و هیزکانی رژیم دا تیکهەلچوونیکی خویناوی رووی دا.

تەمەنی کوماری ئیسلامی رژیمیکی دژی ژنە.لە سەرەتای پیکهاتنی ئەم نیزامە و بەدەسەلات گەیشتنی ریبەرانی ئیسلامی تا ئیستا،هەمیشە نیچرەکان سزادراون و راوچی‌یەکان ئازاد کراون.لە راستی دا ژن بوون لە کوماری ئیسلامی دا تاوانە.ژنان لە ئیراندا لە ئاگری ستەمی دەولەتی و فەرهەنگە و داب ونەریتی کومەلگادا دەسوتین.هیچ پشتیوانیکی سیاسی،کومەلایەتی و یاسایی یان نیە. کاتیك کە لە بەر گوشاریك کە دیتە سەریان و ریگاچارەیەك یان نیە،خویان عەدالەتەکە بەریوەدەبەن.بو ناسینی تاوانبار و قوربانی لەم کارەساتانەی کە ئاماژەیان پی کراو هەر وەهاهەزاران کارەساتی لەم چەشنە،پیوست بە زانیاری‌یەکی زوری قەزایی نیە.ئاشکرایە کە چە کەسیك بووەتە قوربانی وچە کەسیك تاوانبارە.ئەوە نیزامی دژی ژنی کوماری ئیسلامی یە،کە دەبی بە تاوانی ئەم هەمورە رەنج و ئازارەی وا بەسەر ژنانی ئەو کومەلگایەی داهیناوە موحاکەمە بکری و سزا بدری و بە گورستانی میژوو بسپیردری

# لە ئیران، ژنان دوو جار مەحکوم بە مەرگ دەکرین

دوای چەند جار دەرچوونی حوکمی ئیعدام بۆ زەهرا لە دادگا جۆراوجۆرەکاندا، دیوانی عالی ئیرانیش حوکمی ئیعدامی ئەم ژنەی پەسەند کرد.

زەهرا لە دادگادا وتبووی کە: میردەکەی موعتاد بوە و بۆ دابین کردنی خەرجی مەوادی موخەدیر، کەسی هیناوەتە مال و ناچاری کردوە کە لەش فرۆشی بکات. ئەویش ئیتر تەحەمولی ئەم بارودۆخەی نەماوە و میردەکەی کوشتوە.

ئەفسانەی نەوروزی، ژنیکی لاوە کە بەهۆی بەرگری کردن لە دەست دریژی بۆسەری، هاوریی میردەکەی کوشت کە بە حوکمی دادگا بردیانە پای داری ئیعدام و نزیك بوو کە ئیعدامی بکەن.

کچیکی لاو کە ئەسیدی کردبووە دەم و چاوی کەسیك کە ئازاری دەدا، دادگا مەحکوم بە قەساسی کرد.

ئەم کچە بە پیی حوکمی دادگا لە ریگای ئە سیدەوە بینایی خوی لە دەست دا .

گروپیك کە بە ریوە بردنی خانەی "حمایەت و هدایەتی ئیسلامی" کەرەج یان لە ئەستۆ بوو( دواتر ناوی ئەم شوینە بوو بە موئەسیسەی خەیریەی گولی یاس) بە هاوکاری بە ندی نسوان دەست یان دەدایە رفاندنی منالە ساواکان. بە شیوەیەك کە ئەو ژنانەی کە دووگیان بوون لە لایان ئەم گروپەوە دەکەوتنە ژیر چاوە دیری.کاتیك کە ژنەکان منداڵیان

پیشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

ئیدیتور:

ئیبراهیم عەلیزادە

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

Add: Sulimania- Zerguez

Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855

Fax:
00447043129273

E-mali:
Komalah@komalah.org

ئینترنت:

سایتی کۆمەلە www.komalah.org
سایتی رادیو کۆمەلە www.Radiokomaleh.org
سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران www.cpiran.org

دەنگی کۆمەلە

رۆژانی یەکشەممە ٨/٣٠ تا ٩/٣٠ی شەو

فرکانس: ٤١ میتر بەرابەر بە ٧٥٦٠ کیلۆهیرتز

دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران:

شەوانە: ٢١تا ٢٢ جومعە بەیانیان ٨ تا ٩

شە پولی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەلە):

بەیانی: ٧ تا ٨ نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٨/٣٠ تا ١٩/٣٠ شەوانە: ٢٢-٢٢/٣

شەپولی کورت رەدیفەکانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهیرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهیرتز ٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهیرتز

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

C.D.C.R.I

BOX 70445

107 25 Stockholm- Sweden

Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54

e-mail: cpi@cpiran.org

نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات

k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail: komala@cpiran.org

نوینەرایەتی کۆمەلە لە کوردستانی عیراق

Add: Sulimania-Rezgary

Tel: 3124760 - 3125815:

E-mail: Komalah@hotmail.com